گـۆڤـاری زانـكۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(3).Paper20
ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/٠١/٠٨
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٢/٢٨
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٦/٢٩

# فرەڕەهەندی واتای زاراوەی پیوریتان و چۆنیەتی ناساندنیان و سەرەتای سەرهەڵدانیان

**داره‌وان عبدالقادر احمد[١] - هیوا حمید شەریف[٢]**

hewa.hameed@koyauniversity.org - darawan.ahmed@koyauniversity.org

[١+٢] بەشی مێژو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی بنچە و ڕەچەڵەکی زاراوەی پیوریتان و چۆنیەتی ناساندن و سەرەتای سەرهەڵدانیانە، بەهۆی بونی بیروڕای جیاواز دەربارەی پیوریتانەکان و ئاڵۆزی لە ناسنامەیان و سەرەتای سەرهەڵدانیان تائێستا نەتوانراوە پێناسەیەکی بنەڕەتی و گشتگیر لەسەریان هەبێت و سەرەتای سەرهەڵدانیان بەتەواوەتی دیاریبکرێت، توێژینەوەکان بەردەوامن لەم بارەیەوە تا بگەنە دەرئەنجامێک کە لەگەڵ ناوەڕۆکی پیوریتانەکان یەکبگرێتەوە، لەڕوی زمانەوانییەوە زاراوەکە لەفەرهەنگی ئینگلیزیدا مانای بنەڕەتی خۆی هەیە، بەڵام بەچەندین شێواز مانادارکراوە و واتایتری بۆ داتشراوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەم زاراوەیە لەلایەن دژەکانیانەوە بۆیان بەکارهێنراوەو بەسەریاندا سەپێندراوە، ئەمەش وایکردوە کە پیوریتانەکان ناسنامەیەکی ئاڵۆزیان هەبێت، ئەمە سەرەڕای جیاوازییەکی زۆر لەلایەن توێژەرانی پسپۆڕەوە لەسەر ناساندن و پێناسەکردنیان، بۆیە ئێمە هەوڵدەدەین لەم توێژینەوەیەدا گفتوگۆ و شرۆڤەی ئەم بیروڕا جیاوازانە بکەین و ئەوە بخەینەڕو کە پیوریتان لەڕوی زمانەوانییەوە مانای چییە و بۆچی واتایەکیتر بەکارهێنراوە، چۆن و کێ ئەو ناوەی بۆ ئەم گروپە ئاینییەوە بەکارهێناوە، تا لەم ڕێگەیەوە ئەوە بسەلمێنین کە پیوریتانەکان کێن؟ و بەکێ دەوترێت پیوریتان و کەی سەریانهەڵداوە بەوردی هەڵسەنگاندن بۆ ئەم بابەتە بکەین و ئەم گفتوگۆ زۆرو لەمێژینەیە لەسەر ئەم بابەتە پڕ بایەخە بەشێوەیەکی زانستی و پاڵپشت بەزانیاری ڕەسەن و ئەکادیمی یەکلایی بکەینەوە، تا بگەینە ناسنامەیەکی تەواو بۆ پیوریتانەکان و ئەوانەی دەکەونە ناو ئەم چوارچێوەیە دەتوانرێت بەپیوریتان ناوبنرێت، تا بەتەواوەتی بایەخی پیوریتانەکان وەک یەکێک لەگرینگترین ڕەوتی ناو ئایینی مەسیحی و بەتایبەتتر ئایینزای پرۆتستانتی بیخەینەڕو، کە خاوەنی چەندین تێڕوانین و بیروباوەڕی تایبەت بە خۆیان بون، کاریگەری زۆریان هەبو بەسەر دامەزراندنی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

**کلیلە وشەکان**: پیوریتان، ئاینی مەسیحی، کڵێسای ئینگلیزی، کاسۆلیک، پرۆتستانت، چاکسازی ئای

## پێشەکی

پیوریتانەکان بەیەکێک لەڕەوتە گرنگەکانی ناو ئایینی مەسیحی بە گشتی و ئاینزای پرۆتستانتی بەتایبەتی دادەنرێن، کە کاریگەری زۆریان بەسەر بزوتنەوەی چاکسازی ئایینی لە ئینگلتەرادا هەبوە، ئەم ڕەوتە ئایینییە لە بنەڕەتدا خاوەنی چەندین تایبەتمەندیبون، کە لەبیروباوەڕەکانیانەوە سەرچاوەی گرتبو، هەرچەندە تائێستا لەڕوی ڕەهەندە واتاسازییەکانی ناوی پیوریتان پێناسەکردن و ناساندنی بابەتێکی ئالۆزو پڕ گفتوگۆیەو سەختە بتوانرێت بە تەواوەتی بناسێندرێن، ئەمەش بەهۆی ئەم ناسنامە ئالۆزەی هەیانبوە، بەڵام ئێمە هەوڵمانداوە بە لێکدانەوەو شرۆڤەی زانستی زۆر ورد ئەم بابەتە یەکلاییبکەینەوە، تا بتوانین هەڵسەنگاندن بۆ ناسنامە ئالۆزەکەیان و سەرەتای سەرهەڵدانیان بکەین کە تا چ ئاستێک توانیویانە بەرجەستەکاری ئەو نارەزایەتیانەبن کە لەو تێگە کۆمەڵایەتییەی تێدا دەژیان بەسەریاندا سەپێندراوە و ئەو زاراوەی بۆیان بەکارهێندراوە.

سەبارەت بە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لەڕاستیدا بابەتی توێژینەوەکە تازەیەو بەپێی زانیارییەکانی توێژەرو گەڕانەکانی تا ئێستا لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و عێراق و کوردستانیش توێژینەوەی لەسەر ئەنجام نەدراوەو گرینگی و بایەخی یەکجار زۆری هەیە بۆ تێگەیشتن و فراوانبونی توانا هزری و مەعریفییەکان و ئاشناکردنی توێژەرانمان بەم بابەتە هەستیارانە بەتایبەتی کاتێک ئەم بابەتە لە چوارچێوەیەکی زانستی و ئەکادیمیدا توێژینەوەی لەسەر بکرێت، گرنگییەکی دیکە ئەوەیە کە لەخوێندنەوەی مێژوی خەبات و بەرەنگاری ئەم گروپە ئایینیە فێربین ڕێز لە بیروباوەڕی جیاواز بگرین.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئاشنابونە بە پیوریتانەکان بۆیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە، زاراوەی پیوریتان لەڕوی زمانەوانییەوە مانای چییەو بۆچی واتایەکی تر بەکارهێنراوە؟ چۆن و کێ ئەو ناوەی بۆ ئەم گروپە ئاینییەوە بەکارهێناوە، تا لەم ڕێگەیەوە ئەوە بسەلمێنین کە پیوریتانەکان کێن؟ بە کێ دەوترێت پیوریتان؟ پیوریتانیزم کەی و چۆن سەری هەڵداوە؟ ڕەهەندە ئایینی کلتوری و کۆمەڵایەتییەکان چەند کاریگەریان بەسەر ناساندنیان و پێناسەکردن و جیاکردنەوەیان هەبوە؟ تاچەند ئەم پێناسانەی کراون بۆیان هەڵگری ئەم پاشخانە ئایینی و کلتوری و کۆمەڵایەتییانەن، تا ئەو ئاستەی ئەمانە چۆن لەلایەن کۆمەڵگاوە سەیرکراون، دەرخستن و شرۆڤەکردنی ئەم بابەتانە ئامانجی بنەڕەتی توێژینەوەکەیە.

لە نوسینی ئەم توێژینەوە زانستیەدا پشت بە میتۆدی مێژویی شیکاری بەستراوە، لە کۆکردنەوەی سەرچاوە تایبەتمەندەکان و وەرگرتنی زانیارییە بەپێزەکان و دواتر ڕاڤەکردن و شیکردنەوەیان و پاشان لێکدانەوەی وردیان لەسەر ئەم بابەتانە بۆ بڕیاردانی دروست لەسەریان، کە ئەمەش وایکردوە توێژینەوەکە زیاتر بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە بنوسرێت و بەهای زانستی زیاتری هەبێت.

گرفتی ئەم توێژینەوەیە ئەمە بو، کە زۆرینەی سەرچاوەکان لەم بابەتەدا بەزمانی ئینگلیزین و سەختە پەیداکردنیان بەتایبەتی سەرچاوە ڕەسەنەکان، بۆیە ئێمە لە کۆکردنەوەیان ڕوبەڕوی گرفتی گەورە بوینەوە، ئەمە سەرەڕای سەختی زۆر لە وەرگێڕانی بەشێک لەم سەرچاوە ڕەسەنانە بەهۆی ئەوەی ئەو زمانەی کە پێی نوسراون ئینگلیزییەکی کۆنن، تێگەشتنی دروست و وەرگێڕان و هەڵهێنجانی مەبەستە بنەڕەتییەکانیان ڕوبەڕوی ئاڵنگاری زۆری کردینەوە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە بە جۆرێکە کە دو تەوەری سەرەکی لەخۆگرتوە، تەوەری یەکەم تایبەتە بە ڕەهەندی واتاسازی زاراوەی پیوریتان، کە لە دو ڕوانگەدا ئاماژەمان پێداوە، ڕوانگەی یەکەم واتای زاراوەکە لە فەرهەنگە ئینگلیزییەکاندا و ڕوانگەی دوەم بەکارهێنان و واتادارکردنی زاراوەکە لە سەرچاوە ئینگلیزییەکاندا، تەوەری دوەم تەرخانکراوە بۆ ناساندن و پێناسەکردنی پیوریتانەکان و سەرەتای سەرهەڵدانیان.

گرنگترین سەرچاوە بەکارهاتوەکان لەم توێژینەوەیە کە زانیاری زۆرباش و دەگمەنی تێدا بوە بریتییە لە پەرتوکی (David. D. Hall) بەناونیشانی (The Puritans A Transatlantic History)، ئەم پەرتوکە زیاتر ئاماژەی بە پیوریتانەکان کردوە وەک گروپێکی توندڕەو کە زیاتر وابەستەی کردوە بەسەردەمی شاژن ئەلیزابێسی یەکەم، هەروەها یەکێکی تر لە سەرچاوە بەپێزەکان کە زانیاری زۆر بەپێزی بۆ توێژینەوەکەمان تێدا بو، بریتییە لە پەرتوکی (The English Puritans) لە نوسینی (John Brown)ە، کە زانیاریەکانی زیاتر لە گۆشەنیگایەکی ئاینییەوە نوسیوەو بەمەبەست بەشێکیانی شێواندوە لە بەرژەوەندی پیوریتانەکان کە لە توێژینەوەکەدا ئاماژەمان پێداوە، لە هەمان کاتدا یەکێکی تر لەو پەرتوکانەی کە سودی زۆرمان لێبینی بۆ بابەتەکانی توێژینەوەکە بریتی بو لە(A History of The English Puritans)ی (William Carlos Martyn)، کە بایەخێکی زۆری بۆ زیاتر چڕبونەوەی توێژینەوەکەمان لەم بوارەدا هەبوە، هەرچەندە بەشێک لە زانیارییەکانی لایەنگری پێوە دیارە لەبارەی ناساندن و بیروڕاکانیان و بە یەک ئاڕاستە باسی بابەتەکانی کردوە، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا زیاتر چڕبوینەتەوە لە بابەتەکان و نیشاندانی سەرجەم ئاڕاستە جیاواز و بیروڕاکان لەسەر بابەتی توێژینەوەکەو یەکلاییکردنەوەیان، تا توێژەران ڕزگاربکەین لەم هەمو بیروڕا جیاوازانە بە هێنانەوەی بەڵگەی دروست و پێویست لەبارەی ڕەسەنی زاراوەکە و ناساندن و سەرهەڵدانی پیوریتانەکان.

## تەوەری یەکەم: واتای زاراوەی پیوریتان

پیوریتانەکان بریتیبون لەو گروپە ئایینیە پرۆتستانتییە مەسیحییەی کە داوای چاکسازی ورد و بنەڕەتییان دەکرد لە کڵێسای ئینجیلیکانی لەسەر بنەمای یاساو فەرمانەکانی خودا وەک ئەوەی لە پەرتوکی پیرۆزدا هاتوە، بەشێوەیەکی سادە و پاک و دور لە هەمو زیادەیەکی ئاینی و نەریتی و داهێنراوی پاپایی کە لەلایەن کاسۆلیک و ئەنگلیکانییەکانەوە تێکەڵی ئاینی پاکی مەسیحی کرابو، دژی هەژمونی دەسەڵاتی شاهانە بەسەر کڵێسای ئینگلیزی و بڕیاردان لە کاروباری ئاینیبون(Heinemann,1982: 22).

### یەکەم: ڕەچەڵەکی واتاسازی زاراوەی پیوریتان لە فەرهەنگی ئینگلیزیدا

سەبارەت بە بنەچەو ڕەچەڵەکی ڕەسەنی زاراوەی (پیوریتان – Puritan) لەڕوی زمانەوانیەوە، ئەم زاراوەیە لەزمانی ئینگلیزیدا لەدو بڕگە پێکهاتوە کەلکێندراون بەیەکەوە و خودی زاراوەکەیان بەرجەستەکردوە، وەک زانای بواری زمانەوانی ئینگلیزی (ڕۆبێرت کاودرێی–Robert Cawdrey)(١) وتویەتی "زاراوەکە لە بنەڕەتدا داتاشراوە لە دو بڕگە ئەوانیش بریتین لە (Pure) بەواتای (پاک)، (Tans) بەواتای (کۆمەڵ یاخود گشت) دێت، بەهەردو بڕگە زمانەوانیەکەش زاراوەی (پیوریتانیان–Puritan)یان پێکهێناوە، کە بەواتای (پاکەکان یان پاکخوازان) دێت"(Cawdrey, 1617:126,127).

سەبارەت بەسەرەتای سەرهەڵدانی زاراوەکەو چۆنیەتی مانادارکردنی لەلایەن ئەوانەی بەکاریانهێناوە بیروڕای زۆرو جیاواز لە سەرچاوە تایبەتمەندەکان بەدیدەکرێت، لەم ڕوانگەیەوە یەکێک لەگرنگترین فەرهەنگەکانی زمانی ئینگلیزی کە (فەرهەنگی ئۆکسفۆردە – Oxford Dictionary) بەمشێوەیە پێناسەی وشەی (Puritan –پیوریتان)ی کردوە، کە زاراوەیەکە بەمانای" کەسێکە لەڕوی هەڵوێستی ئاکارو ڕەوشتەوە زۆر توندە، پێیوایە چێژ خراپە"(فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، C2:2022/6/26)، بەهەمان شێوە (فەرهەنگی کامبریج– Cambridge Dictionary) پێناسەیەکی هاوشێوەی زاراوەکەی کردوە "واتای کەسێکە پێیوایە گرنگە بەردەوام کاری زۆر بکات و خۆی کۆنترۆڵ بکات بەرامبەر چێژە دونیاییەکان، چونکە پێیوایە چێژە دونیاییەکان هەڵەیە یان پێویست نییە"(فەرهەنگی کامبریج ,C:2022/6/26).

هەر لەم چوارچێوەیەدا فەرهەنگی جیهانی مێژویی(A Dictionary of world history) ئاوا لێکدانەوەی بۆ زاراوەکە کردوە "واتای ئەو کەسانە دەگەیەنێت کە توندڕەوبون و داوای پاکیان دەکرد" ئەمەش بەواتای ئەوەیە کە زاراوەکە هەردو واتای (توندو پاک) لەخۆدەگرێت(kerr,wright, 2003:647)، ئەمە لەکاتێکدا پێگەی (بریتانیکا–Britannica) وشەی پیوریتانی بەمشێوەیە پێناسەکردوە "زاراوەکە لە بنەڕەتدا بەمانای پاکی دێت و بەکارهاتوە بۆ ئەو کەسانەی هەوڵیانداوە کڵێسای ئینگلیزی لەهەمو پاشماوەیەکی پاپای ڕۆمانی کاسۆلیکی پاکبکەنەوە" (Petruzzella, 1/7/2022:9).

## دووەم: چۆنیەتی بەکارهێنانی زاراوەی پیوریتان و واتادارکردنی لەسەرچاوە ئینگلیزییەکاندا

لەڕاستیدا زاراوەی پیوریتان لە سەرچاوە ئینگلیزیەکاندا چەندین واتای جۆراوجۆری لەخۆگرتوە پێویستە لێکدانەوە و شرۆڤەی زیاتری بۆ بکرێت تا بتوانرێت بەتەواوەتی ناوەڕۆک و واتاکەی ڕونبکرێتەوە، لەڕاستییدا لێکدانەوەی جیاواز بۆ زاراوەکە بۆ دژایەتی و هاوسۆزی ئەوانە گەڕاوەتەوە کە لێکدانەوەیان بۆ زاراوەکە ئەنجامداوە، بەهۆی ئەوەی پرسەکە پرسی بیروباوەڕی ئایینیە کاریگەری گەورەی لەسەر بۆچونی نوسەرەکان هەبوە، هەر لەم چوارچێوەیەدا بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر هەریەکە لە (جۆن ستیپ–John Stype) و (مایکڵ.پ.وینشیپ–Michael p. Winship) پێیان وایە زاراوەی پیوریتان بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٥٦٠ سەریهەڵداوە وەک سوکایەتیەک بەرامبەر بەو کەسانەی کە ڕەتیانکردەوە لەناو کڵێسای ئینگلیزدا بمێننەوە، بەو شێوازەی کە پابەندبکرێن بەبنەمەکانی کڵێساو ئەو شێوازە ڕێکخراوەی کە بۆ ئەم مەبەستە دروستکرابو، بۆیە جێبەجێکردنیان ڕەتکردەوەو دژی هەمو ئەو ڕێککارانە وەستانەوە (Stype,1718:139; Winship, 2018:50)، لەلایەکی دیکە هەریەکە لە (ماتیو وارد–Mathew Ward) و (ناتا مازوکا–Nate Mazzuca، ئاڤێری نۆبڵ–Avery Noble) لەگەڵ نوسەرانی پێشوتر هاوڕان لەسەر ئەوەی سەرەتای سەرهەڵدانی زاراوەی (پیوریتان–Puritan) بۆ ساڵی ١٥٦٠ دەگەڕێتەوە، بەڵام لەواتای زاراوەکە بۆچونی جیاوازیان هەیەو پێیانوایە لەلایەن بەکارهێنەرانییەوە گۆڕدراوە و لە مانا بنەڕەتیەکەی دورخراوەتەوە، بەبۆچونی ئەوان لەسەرەتادا ئەم زاراوەیە لەلایەن مەسیحییە کاسۆلیکەکانەوە وەک سوکایەتیپێکردن و گاڵتەپێکردن بەرامبەر ئەو کەسانە بەکارهێنراوە کە بنەما هاوبەشەکانی کڵێسای ئینگلیزیان (ئینجیلیکانی)[٢] ڕەتکردەوە، داوای چاکسازی زیاتریان دەکرد (Ward, 2014:31; Mazzuca, Noble, 1976:50).

هەر تایبەت بە سوکایەتیکردن بە پیوریتانەکان یەکەم کەسایەتی کاسۆلیکی ئەم زاراوەی بەرامبەر بەم کەسانە بەکارهێنا (نیکۆلاس ساندەر–Nicholas Sander)[٣] بو، ناوبراو پیاوێکی توندڕەوی کاسۆلیکی ئینگلیزی بو، پێیوابو پیوریتانەکان کەسانێکن سەرچاوەی نەهامەتین بۆ سەر وڵاتەکەی ئینگلتەرای مەزن (Hentzner, 1865:111; Coffey, Lim, 2008:15)، بەڵام دواتر ئەم زاراوەیە لەڕوی واتاوە گۆڕانکاری بەسەرداهات کاتێک پیاوانی ئینگلیکانی ئاماژەیان بەزاراوەی پیوریتان دەکرد وەک (نەخۆشیەک) بۆ سەر کڵێسای ئینگلیکانی، بەنەخۆشی و پەتای ناو کڵێسا ناویاندەبردن کە دەیانەوێت دژی بنەما پیرۆزەکانی کڵێسای ئینگلیکانی و گەورە پیاوانی ئایینی کڵێسای ئینگلتەرا بوەستنەوە(Hall, 2019:46).

بەشێکی دیکە لەبیروڕا دژەکان زاراوەی پیوریتانیان بەمشێوەیە خستۆتەڕو، (جۆن مارشاڵ– John Martial) لەساڵی ١٥٦٦ لەوتارێکدا بەناوی (ڕێزگرتن لەخاچ) دەڵێت: "زاراوەی پیوریتانی گەرم یان ڕوحانی نوێ، پرۆتستانتی سادەن و ناوێکی بەدناو ڤێزەونیان هەیە"(Martial, 1566:185)، لەهەمان کاتدا شاعیری ناوداری ئینگلیزی (ماتیو.ئاڕ. ئارنۆڵد– Matthew. R. Arnold) زاراوەی پیوریتانی وەک هێمای سوکایەتی

بەکارهێناوە، کە هەوڵیداوە چەکێکی کلتوری بەهێز بێت دژی ئایین لەهەڵمەتێکدا بۆ گۆڕینی ئایینی مەسیحی و بەکلتورکردنی بۆیە پێیوایە پیوریتانەکان لە بنەڕەتدا دژی هەمو بنەماکانی ئایینی مەسیحین، لەڕاستیدا ئەوان قێزەوەنن(Knoppers, 2003:14) .

هەر لەم ئاراستەیەدا (مارگۆ تۆد- Margo Todd) دەبارەی زاراوەی پیوریتان نوسیویەتی "ئەو مێژونوسانەی لەبری زاراوەی پیوریتان کە هێمای سوکایەتی و گاڵتەجاڕی و خراپییە، زاراوەی پرۆتستانتە پێشکەوتوەکان بەکاردەهێنن و بەمشێوەیە ناویان دەبەن، پێویست ناکات خۆیان لەو زاراوە بێبەها و قێزەونەی پیوریتان لابدەن، چونکە ئێمە دەزانین کە ئەوان لەکوێوە قسەدەکەن و مەبەستیان چییە؟ ئێمە باش تێگەیشتوین لەوەی پیوریتان هەر پیوریتانە! جا بەهەر ناوێکی تر ناویان بهێنرێت و هەر زاراوەیەکی تریان بۆ بەکاربهێنرێت، چونکە ئەمە هیچ لەو ڕاستییە سەرەکیە ناگۆڕێت کە لەسەرەتادا ئەم زاراوەیە (پیوریتان) بەشێوازێک بەکارهێنراوە مەبەسەت لێی سوکایەتی و گاڵتەپێکردن بوە، چونکە ئەم کەسانە ئەگەر خوداپەرست بوبن یان پرۆفیسۆری زانکۆ یان قەشەو پیاوانی ئایینی یان تەنانەت ئەگەر پیاوانی گەورەو پیرۆزی ئاینی مەسیحیش تا ئاستی قەدیسیش بوبن بەپیوریتان ناویانهێنراوەو جێگای سوکایەتی و گاڵتەپێکردن بون"(Todd, 1987:9)، بەهەمان شێوە (ڕیچارد بریستۆی-Richard Bristow) پێیوایە "زاراوەی پیوریتان بەشێوەیەکی ناشیرن و خراپ بەکارهێنراوە لەسەرەتادا، کە بەمانای سوکایەتی و گاڵتەکردن بوە بەم کەسانەی کە پێیانوابوە پاکن، تەنانەت بەر لەو زاراوەیەش چەندین زاراوەی تریان بۆ بەکارهێنراوە کە سەرجەمیان وەک بێڕێزی و سوکایەتی بون بەرامبەریان وەک (کالڤنیەکان- پرۆتستانتە توندەکان- برایانی پاک- دواجار پیوریتان)"(Bristow, 1574:26).

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە پیوریتانەکان ئەم زاراوەیان کە وەک ڕەمزی (هێمای) سوکایەتیپێکردن بو بۆیان، وەریانگرتو کردیان بەناسنامەی خۆیان! بێئەوەی گوێبدەن بەوەی کە لەبنەڕەتدا ئەم زاراوەیە داهێنراوی دژەکانیانەو مەبەست لەبەکارهێنانی بەتەواوەتی بێڕێزیکردن بەبیروڕاکانیان و سوکایەتیکردن و گاڵتەپێکردنە بەئەوان، بەپێچەوانەوە ئەم ناوەیان وەرگرت بێئەوەی خۆیان دژی بوەستنەوەو ئاماژە بەوە بدەن کە ئەوان کێن؟ ڕاستەوخۆ زاراوەکەیان قبوڵکرد لەو کەسانەی کە جنێویان پێدەدان و بێڕێزیان پێدەکردن، بۆیە ئەم زاراوەیە داهێنراوی نەیارو دوژمنەکانی پیوریتان بو نەوەک خۆیان! (Heimert, Delbanco,2001:1)، بەبەڵگەی ئەوەی یەکێک لە گەورەترین پیاوانی ئایینی کڵێسای ئینجیلیکانی و ڕاوێژکاری گەورەی شاژن (ئەلیزابیسی یەکەم ١٥٥٨-١٦٠٣)و جێگری سەرۆکی زانکۆی کامبریج و دواتر بو بەگەورەی کڵێسای (کانتێربێری-Canterbury) بەناوی (جۆن ویتگیفت- John- Whitgift)[٤] ئاماژە بەوە دەکات "کە زاراوەی پیوریتان زۆر گونجاو و شیاوە بۆ ئەم کەسانە، ماناکەی پڕ بەپێستیانە کەپێیان وتراوە، بەڵام نەوەک لەبەرئەوەی پاکن، بەڵکو لەبەرئەوەی خۆیان پێیانوایە پاکترن لەئەوانی دیکە"، کە ئەم وتەیەش خۆی لەخۆیدا مەبەستێکی ئاشکراو ڕون دەگەیەنێت کە زیاتر بەئاڕاستەی سوکایەتیکردن و گاڵتەپێکردن

پێیان خۆی دەبینێتەوە (Greaves, 1981:7; Whitgift, 1574,18)، لەگەڵ ئەمەشدا یەکێکی تر لەگەورە پیاوانی ئایینی کڵێسای ئینگلیکانی لەسەدەی حەڤدەهەم بەناوی (ئۆلیڤەر ئۆرمیرۆد–Oliver Ormerod )[٥] دەربارەی زاراوەی پیوریتان لەیاداشتەکانیدا نوسیویەتی "ئێمە پێتان دەڵێین پیوریتان، نەوەک لەبەرئەوەی لەئێمەو خەڵکی پاکترن، بەڵکو لەبەرئەوەی خۆتان پێتان وایە پاکترن" (Ormerod, 1975:03; Boyce, 2021:83,84).

ئەم چەشنە لەسوکایەتیکردن بەئەوانی دیکە لەکلتوری ئینگلیزیدا ڕەگ و ڕیشەی کۆنی هەیە، وەک ئەوەی لەسەدەی چواردەهەمدا بەرامبەر (لۆلاردییەکان) کردیان، کە لە وشەی تەنز ئامێزی ئینگلیزییەوە ئەم ناوەیان بەسەردا سەپاندن کە بەمانای (گەمژە) دێت، بەمەبەستی سوکایەتیکردن بەکەس و گروپی دژەباو بەکاریانهێناوە، هەروەک لەبەرامبەر (کاتاریەکانیش) بەهەمان شێوە بەگاڵتەوە باسی بیروڕباوەڕەکانیان کردون و ناویانبردون، تەنانەت ئەگەر سەیری (چیرۆک و شیعرەکان)ی کڵێسای کانتێربێری بکەین، دەیان نمونەی زیندو دەبینین، کەبەر لەپیوریتانەکان چەندین جار تەنانەت قەشەو پیاوانی ئاینی گەورەش ڕوبەڕوی ئەم جۆرە لەسوکایەتیپێکردن بونەتەوە. بۆیە ئەم بابەتە پێشینەیەکی مێژویی قوڵی لەکلتوری ئینگلیزیدا بەرامبەر بە نەیارەکانی کڵێسا هەیە (Heimert, Delbanco, 2001:1)، هەر ئەمەش وایکردوە زاراوەی پیوریتان هێزو بزوێنەرێکی جەوهەری گەورەی هەبێت کە چەندین مانای هەمەجۆرو خوازراو فرەچەشن لەخۆبگرێت، بەجۆرێک لەسەر زاری سەرخۆشێک پیوریتان بریتییە لەپیاوێکی هۆشیار، بەڵام لەتێڕوانینی کەسێکی کاسۆلیکدا پیوریتان بریتییە لەهەر پرۆتستانتێک، لەهزری ئینجیلیکانیەکدا پیوریتان کەسێکی توندوڕەوی گەمژەیە کە بەبنەماکانی کڵێسای ئینجیلیکانی ڕازی نییە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە زاراوەکە زادەی ناشیرینکردن و سوکایەتیپێکردن لەخۆیدا بەرامبەر دژەکان هەڵدەگرێت، هەر ئەمەش وایکردوە قورس و سەخت بێت یەک مانای تەواو بنەڕەتی بۆ زاراوەکە دیاریبکرێت و بگشتێندرێت (Pederson, 1975:27)، بەجۆرێک توێژەر (جەی. پی. کینیۆن J. P. Kenyon) وتویەتی "تاساڵی ١٦٤٠ زۆرترین ناڕەزایەتی پیوریتانەکان لەئینگلیتەرا ئەوەبو کە ئەم دەستەواژەیە لەلایەن کاسۆلیکەکانەوە بەرامبەریان بەکاردەهێنرا، بەڵام لەدوای ئەم ڕێکەوتەوە سنوری بەکارهێنانی زۆر فراوانتر بو، بەجۆرێک پرۆتستانتەکانیش بەئاشکرا سوکایەتیان پێدەکردن و بەسوکایەتییەوە ناویان دەهێنان" ئەمەش وایکرد کە بەتەواوەتی لەوڵاتەکەیان بێ ئومێدببن، چونکە سەرەتا کاتێک کاسۆلیکەکان ئەم سوکایەتیانەیان پێدەکردن تاڕادەیەک ئاسایی بو بەلایانەوە کە دژیان بون و ناڕەزایەتیان دەردەبڕی بەرامبەریان، بەڵام کاتێک سنوری گاڵتەجاڕی بەپیوریتانەکان تێدەپەڕێت و پرۆتستانتەکان کە بەدۆستی خۆیانیان دەزانین زۆر توندوتیژترو فراوانتر دەکەونە دژایەتیان، ئەمە وایکرد ئیتر هیوایەک بۆمانەوەو بەردەوامی لەئینگلتەڕادا نەمێنێت و سەخت بێت بەلایانەوە لەوێدا بمێننەوەو درێژە بە ژیان بدەن، بەڵام ئەمە هیچ لەم ڕاستیە ناگۆڕێت پیوریتانەکان بەم

نازناوەوە مانەوەو وەریانگرت و زیاتر گەشەیان کردو سیما تایبەتیەکانی خۆیان پاراست و بەتایبەتمەندی خۆیانەوە لەکڵێسا ئینجیلیکانی لەئینگلیتەرا دەناسرێنەوە (Kenyon, 1986:177).

لەبەرامبەر ئەم تێڕوانینە باوانەدا بەشێکی تر لە توێژەرو مێژونوسان کە هاوسۆزی پیوریتانەکانن لێکدانەوەو شرۆڤەی تریان بۆ بابەتەکە هەیە، وەک (جۆن ستۆی- John Stowe) دەربارەی زاراوەی پیوریتان وتویەتی "لەساڵی ١٥٦٧ لەکۆبونەوەی (ئەناباپیستەکان-Anabaptists)[٦] لەلەندن کەخەریکی گفتوگۆ بون دەبارەی چۆنیەتی ناوبردنی خۆیان، ئەوان خۆیان بەپیوریتان یان پاکەکان یاخود بەرخی بێ پەڵەی یەزدان ناوبردوە"، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ پاکی و بێ گەردی ئەوان و ئەو زاراوەیان بەو واتایە بۆخۆیان بەکارهێناوە(Stow, 1880:143)، هەروەها (هنری پارکەر-Henry Parker) لەساڵی ١٦٠٥ هەوڵیدا پشتگیری لە هاوڕێ ئینجیلییەکانی بکات، بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنانی ناوی پیوریتانی بەقێزەون دەبینی بۆ ئەو کەسانەی کە پشتگیری لەپاراستنی هێڵ و سنورەکانی خوداو ڕەوشتی پاک دەکرد، پێی وابو پیوریتانەکان پاکن و ناکرێت زاراوەی پیوریتان بەم قێزەونییە بۆ ئەم کەسە پاکانە بەکاربهێنرێت(Parker, 1641:164)، بەهەمان شێوە (جۆن براون-John Brown) لەم بارەیەوە نوسیویەتی "ڕاستە پیوریتان بەمانای گاڵتەجاڕی بۆ ئەم کەسانە بەکارهێنراوە کە لەبابەتی فۆرم و ڕێوڕەسمەکاندا بەگەمژانە سەیر دەکران، بەڵام بەکارهێنانی ئەم زاراوە بەم شێوەو ماناداركردنی بەو بێ ڕێزییە، سوکایەتیکردنە بەهەندێک لەگەورە ناوەکانی مێژو و ئەدەبیاتی ئێمەی ئینگلیز وەک(کرۆموێڵ-Cromwell، مێڵتون-Milton، باکستەر-Baxter، بونیان-Bunyan)، من تێناگەم ئەمە سوکایەتی بۆچییە! کاتێک ئەم کەسانە تەنیا تاوانیان ئەوەبوە کە وردترو توندتربون لەبواری پەرستندا، ئەگەرچی وا بیردەکرێتەوە کە ئەم پیوریتانانە بێ ئەوەی پێویست بکات زۆر توندو گەرمن لەڕوی ژیان و ڕەوشتەوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەوان هەرگیز سوکایەتیان بە بەرامبەرەکەیان نەکردوە، ناوی نەشیاو و ئاکاری نەشیاویان بەکارنەهێناوەو ڕۆڵی گەورەیان هەبوە لەمێژوی ئێمەداو کارەکانیان یەکجار گەورەن جێگەی ڕێزو پێزانینن، بەڕاستی ئەمە زۆر بێ مانایە و ئەوپەڕی بێویژدانیە بەرامبەر ئەم پیاوە گەورانەی کە لە مێژو شارستانیەتی ئێمەدا جێپەنجەیان بەڕونی دیارە"(Brown, 1910:2)، ئاستی ئەم سوکایەتیانە بە شێوازێک فراوان ببو وەک باکستەر وتویەتی "لەگەڵ ئەوەی باوکم خۆی پیاوێکی پیوریتان بو، بەڵام هەمو پابەندییە فەرمیەکانی کڵێسای ئینجیلیکانی جێبەجێدەکردو گونجاو بو لەگەڵ پیاوانی ئاینی کڵێسای ئینگلیکانی و تەنانەت پابەندبو بە پەرتوکی نوێژی باویش، لەگەڵ ئەمەشدا خۆم چەندین جار بینیومە کەئەو گاڵتەو سوکایەتی پێدەکرا، وەک پیوریتانێک لەناو ئەم ئازارەدا دەژیا، بەتاوانی چی؟ لەڕاستیدا تەنیا تاوانی ئەوەبو پیوریتان بو!"(Brown, 1910:2,3)، بە سەنجدان بەم بەڵگە زانستیانە ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە وەک دەوترێت هەندێک زیادەڕەوی کراوە لەوەی کە پیوریتانەکان بەگشتی لایانداوە لە پەیڕەوی ئیجیلیکانی و بەتەواوەتی دژی وەستاونەتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا (مارسدین-Marsden) پێیوایە "زاراوەی پیوریتان بۆ ئەم کەسانە ڕەنگە لەبەرئەوە بەکارهاتبێت و مانای ئەوەی دابێت کەئەوان خاوەن ئاکارو کردەوەی بەرزبون لەڕوی ئاییینییەوە، ژیانیان سادەو خاوەن ڕەوشتێکی پاک و بێ گەرد بون و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا هەوڵی چاکەو چاکسازیان داوە، کردارو ڕەفتارەکانیان شایەدی باشی و پاکیان بۆ دەدەن" (Marsden, 852:3; Alexander, Others, 1855:237)، لەبەرامبەر ئەو بۆچونەی (مارسدین-Marsden)، (د.سیسل فرانسیس ئەلیکسەندەر- Dr. Cecil Frances Alexander) کەسایەتی ئەکادیمی و سەرنوسەری گۆڤاری (دبلین) لە نێوان ساڵانی (١٨٥٥-١٨٥٦)، ئەم جۆرە بیروڕایەی (مارسدین) ڕەتدەکاتەوە "مارسدین نەیتوانیوە بێلایەنی خۆی بپارێزێت لە نوسینەکانی لەسەر پیوریتانەکان بێلایەنانە زانیاریەکان تۆمار بکات، بەڵکو لایەنگری ئەو کەسانەی کردوە کەبۆ یەکەمجار ئەم ناوەیان هەڵگرتوەو خۆی وەک شایەدحاڵێک نیشانداوە لەئاکارو کردارە ئەخلاقیەکانیان، وەک ئەوەی خۆی ئەوانی ببینێت و لەسەرەتادا لەگەڵیاندا ژیا بێت و کۆمەڵگەی ئەوکاتەی هەڵسەنگاندبێت، لەهەمان کاتدا مارسدین خۆی دان بەوەدا دەنێت ئەم زاراوەیە لەلایەن دژەکانیانەوە بۆیان بەکارهێنراوەو بەسەریاندا سەپێنراوەو هەڵبژاردنی خۆیان نەبوە، ئەی چۆن دەکرێت دژەکانیان ئاوا نازناوی باش و جوانیان بۆیان بەکارهێنابێت، بۆیە دەکرێت دان بەو ڕاستیەدا بنێین لە بنەڕەتدا ئەم زاراوەیە بەمانای سوکایەتی و گاڵتەپێکردن بۆ ئەم کەسانە بەکارهاتوە، هاوشێوەی ئەوەی بەرامبەر (کاتاریەکان) کراوە لەپێشوتردا، دواتریش ئەم سوکایەتی و گاڵتەجارییە بو بەناسنامەی تەواوی ئەو گروپ و ڕەوت و بیروڕا توندانەی دروستبون لەئاینی مەسیحیدا وەک (مۆنتانییەکان-Montanists)[٧]، (ئینساباتاتییەکان-Insabbatati)[٨]"، بۆیە دەکرێت ئەم وتەی مارسدین نزیکتربێت لەڕاستیەوە کە دەڵێت "پیوریتانەکان هەر پیوریتان بون و ناسنامەی تریان نییەو بۆیان بەکارنایەت، هەرچەندە ئەم ناسنامەیە هەڵبژێردراوی خۆشیان نەبوبێت"، بۆیە ئەم زاراوەیە ئەوەندەی داهێنراوی دژەکانیانە بەشێوەیەکی سوکایەتی و دوژمنکارانە ئەوەندە هەڵبژاردەی خۆیان نەبوە(Alexander, 1855: 37-38)، هەروەک (جۆرج ئۆروێڵ George Orwell)[٩] لەوتارێکدا کەبەناوی (گەلی ئینگلیز) بڵاویکردۆتەوەو نوسیویەتی "ئەم تێڕوانینە بەرامبەر پیوریتانەکان و مانادارکردنی زاراوەی پیوریتان بۆ ئەو ڕوانگە باوانەی دژە پیوریتانەکان دەگەڕێتەوە، کە لەسەرەتادا بۆ پیوریتانەکان هەیانبوە، وەک ئەوەی زاراوەکە لەلایەن بازرگان و بەرهەمهێنەرە بچوکەکانەوە بەسەر چینی کرێکاران سەپێنرا کە خۆیان لە خۆشی بێبەشکردوەو سەرچاوەی کوشتنی خۆشین، هەر ئەمەش وایکردوە زاراوەکەو کۆمەڵگاش گۆش بکەن تا لەم گۆشەنیگایەوە سەیریان بکەن"، ئەمەش بەتەواوەتی دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە زاراوەکە لە مانا بنەڕەتیەکەی لە ڕوی زمانەوانیەوە لایداوەو بە ئەنقەست بەناڕاستەیەکی تردا براوەو مانادارکراوە(Orwell, 1947:16,17).

ئەگەرچی هەردو لێکۆڵەری پسپۆڕی بواری پیوریتانیزم (ئەلیک ڕای-Alec Ryrie) و (تۆم سچواندا-Tom Schwanda) ڕەهەندی واتاسازی زاراوەی پیوریتان قوڵتر دەکەنەوە، بەجۆرێک ئەوان پێیانوایە

"ڕاستە مەبەست لەبەکارهێنانی زاراوەی پیوریتان لەلایەن دژە پیوریتانەکانەوە بەواتای گاڵتەپێکردن و سوسکایەتیکردن بەو ڕێکخستنە لاوازەی پیوریتانەکان هەیانبو بەکارهێنراوەو مانایەکی داهێنراوی ئەوانە"(Ryrie, Schwanda, 2016:1))، بەڵام ئەوەی گرنگە مانای بنەڕەتی و سەرەکی زاراوەکەیە کە لەزمانی ئینگلیزیدا بە(پاک و پاکخواز) جێگیرکراوە، بۆ ئەو کەسانەی کە باشن و هەوڵی پاککردنەوەی کڵێسای ئینگلیکانی دەدەن چونکە زاراوەکە لەوشەیەکی ڕەسەنی ئینگلیزی وەرگیراوەو واتاکەی یەکلایی کراوەتەوە، بۆیە گرنگ نییە چۆن و بۆ چ مەبەستێک گوزارشتی لێکراوە، ئەوە گرنگە کە ماناکەی لە ڕوی زمانەوانیەوە تەواو ڕون و دیارە، بۆیە ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کەمانا بنەڕەتیەکە گرنگە بۆ هەر پیوریتانێک یان ئەو کەسانەی لایەنگری ئەم جۆرە بیروباوەڕەن، نەک چۆنیەتی بەکارهێنان و ماناداركردنی و داتاشینی واتای تر لەدەرەوەی واتا سەرەکیەکەی لەڕوی زمانەوانییەوە، چونکە هەمو ئەمانە دەکەوێتە چوارچێوەیەکی نادروست و داهێنراو بۆیان کە بەتەواو بێ ئەرزشە(Healey, 2016:1-2) .

هەرچەندە (داڤید دی. هال-David D.Hall) کە یەکێکە لەو توێژەرە تایبەتمەندانەی توێژینەوەی زۆری لەبواری پیوریتانیزمدا ئەنجامداوە لە پەرتوکەکەی بەناوی (The Puritans Transatlantic History) بیروڕایەکی (ولیام برادفۆرد William Bradford)[١٠] کەیەکێکە لەدامەزرێنەرانی نشینگەی (پلیمۆس) ئاماژە پێدەدات کە نازناوی پیوریتانی بەدڵ نەبوە بۆیە دەڵێت "ئەگەرچی زاراوەکە مانای زۆرو فراوان لەخۆدەگرێت و بۆ چەند مەبەستێک بۆ ئێمە بەکارهێنراوە ، بەڵام باشترین مانای ئەگەر ئەوە بێت، کەپیوریتانەکان پاکن و ئەوا ئەم مانایەش بەتەواوەتی لای من ڕەتکراوەیەو هەڵەیە نابێت پیوریتانەکان پێیان ڕاست و دروست بێت، چونکە ئەگەر وابکەن، ئەوان هەمان هەڵەی (کاتاریەکان) دوبارەدەکەنەوە کەپێیان وابو ئەوان پاکەکانن و ئەوانەی لەدەرەوەی ئەوانن ناپاکن، بۆی پێویستە پیوریتانەکان زۆر بەوردی کار لەسەر نازناو ناونیشانێک بکەن کە هیچ جۆرە ناپەسەندیەک بۆ هاوئایینەکانیان لەخۆنەگرێت"(Hall, 2019:1)[١١].

لەدوای گەنگەشەکردنی ئەم بیروڕا جیاوازانە دەگەینە ئەو ئەنجامەی زۆرینەی توێژەرانی ئەم بوارە وەک لەسەرەدا ئاماژەمان پێیان داوە هاوڕان لەگەڵ ئەوەی کە ڕاستە لە بنەڕەتی زمانەوانی وشەکەدا مانایەکی زمانەوانی تایبەتی هەیە بەواتای (پاکەکان- یان پاکخوازان) دێت، ئەوانەی داوای چاکسازی زیاتریان لەکڵێسای ئینجیلیکانی لەئینگلتەڕا دەکرد، بەڵام لەڕوی بەکارهێنانەوە هەم لەلایەن کاسۆلیکەکانەوە، هەم لەلایەن پرۆتستانتە نەیارەکانیانەوە، وەک ئاماژەیەک بۆ سوکایەتیکردن و گاڵتەپێکردنیان و ناشیرن کردنیان بەکارهێنراوە، تەنانەت تا ئاستی ڕەقترو توندتریش ڕۆیشتوە کەبەنەخۆشی و بەڵای زۆر بۆسەر ئایینی مەسیحی و کڵێسای دەوڵەت و پیاوانی ئایینی و خودی دەوڵەتیش بەکارهێنراوە. واتا خودی زاراوەکە لەبنەڕەتدا پیوریتانەکان بۆ خۆیانیان بەکارنەهێناوە، بەڵکو لەلایەن نەیارو دژەکانیان بۆیان بەکارهێنراوە، ئەم جۆرە کەسانەیان بەگاڵتەجاڕو سوکایەپێکردنی ئایینی مەسیحی زانیوە، بۆیە ئەم زاراوەیەیان بەم مانا ناشرین و خراپانە بەکارهێناوە.

## تەوەری دووەم: ناساندنی پیوریتانەکان و سەرەتای سەرهەڵدانیان

ناساندنی پیوریتانەکان و سەرەتای سەرهەڵدانیان بەپێی سەرچاوە تایبەتمەندەکانی ئەم بوارە بابەتێکی ناڕون و پڕ گفتوگۆیە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کەهەریەکەیان خاوەنی بیروڕای جیاواز و پاڵپشت بەچەندین بەڵگەو زانیاری وردن بۆ سەلماندنی بیروڕاکەیان، بۆیە کارێکی قورسە بتوانرێت ئەم بیروڕایانە یەکبخرێت، بەڵام ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین گرینگترین ئەم بیروڕایانە بخەینەڕو، شرۆڤەو لێکدانەوەی زانستیانەیان بۆ بکەین و دواجار سەرنجی خۆمان لەسەر بابەتەکە دەستنیشان بکەین.

لەم ڕوانگەیەوە مێژونوس (داڤید. دی. هال) پێیوایە "یەکەمین گروپی ئەو پرۆتستانتە توندانە یان گەرمانەی دواتر زاراوەی پیوریتانیان بەرامبەر بەکارهێنرا، لەساڵی ١٥٤٠ دروستبون و سەریا هەڵدا لە هەردو وڵاتی ئینگلتەراو سکۆتلەندا، کە ئەوکات سکۆتلەندا وڵاتێکی سەربەخۆبو لەدەرەوەی دەسەڵاتی ئینگلتەرا، ئەمەش دوای ئەوەی کە پاشا هنری هەشتەم-١٥٠٩-١٥٤٧ لەئینگلتەرا جۆرێک لەپەشیمان بونەوەو پاشەکشەکردنی پێوە دیاربو لەئاینزای پرۆتستانتی و گەڕانەوە بۆ ئاینزای کاسۆلیکی، لەهەمان کاتدا پاشا جەیمسی پێنجەم-١٥١٣-١٥٤٢ لەسکۆتلەندا کە کاسۆلیکیەکی زۆر توند بو سەرجەم ناکۆکییە ئایینییەکانی سەرکوت کردو پابەندبونی خۆی بەئاینزای کاسۆلیکی ڕاگەیاند، ئەمەش وایکرد لەهەردو وڵات کەسانێک نارازی بن لەم هەنگاوانەو داوای بەردەوام بونی چاکسازیان بۆ بەدیهاتنی گۆڕانکاری تەواو بنەڕەتی لەکڵێسادا دەکرد"(Hall, 2019:17)، لەپێشینەی ئەو کەسانەی کە بەپیاوانی (پاکخواز- پاک) ناسران بریتیبون لە(تۆماس کرانمەر-Thomas Cranmer) و(جۆن هۆپەر-John Hooper)[١٢]، بەهۆی ئەوەی خۆیان لەناو حکومەتدا بون و پێگەی بەرزیان هەبو زۆر بە بەهێزیەوە پشتگیری هەنگاوەکانی چاکسازیان دەکرد، دڵسۆزانە کاریان لەپێناو خێراکردنیدا دەکردو زۆرجار خۆیان دەستپێشخەری ئەو چاکسازیانە بون لەکڵێسادا، بۆیە ئەم کەسانە بەسەرەتایترین کەسە پاکەکان (پیوریتانەکان)دادەنرێن (Schaff, 1891,1904; Martyn, 1876:66).

مێژونوس (ولیام کارلۆس-William Carlos) پێیوایە بۆ ئەوەی پیوریتانە سەرەتاییەکان دەستنیشان بکەین پێویستە توێژینەوەی زانستی زیاترو وردتر ئەنجام بدەین، ئەو پێیوایە بەلێکۆڵینەوە لەبەڵگەنامەکان دەگەینە ئەو ڕاستیەی کەسەرەتای سەرهەڵدانی پیوریتانەکان بۆ کۆمەڵەیەک دەگەڕێتەوە بەناوی (کۆمەڵەی برا مەسیحیەکان)، کەپێکهاتبو لەخەڵکی (هەژارو پیشەوەری بچوک و پیاوانی ئاینی) ئامانجیان بریتی بو لەگەڕانەوە بۆ بنەما سەرەکییەکانی پەرتوکی پیرۆزو سادەیی و توندی لەپەرستن و بڵاوکردنەوەی پەرتوکی پیرۆزو پەرتوکە ئایینییەکان بەزمانی ئینگلیزی و داوای چاکسازی و پاکخوازی بنەڕەتیان دەکرد، ئەمەش وایکرد لەسەرەتادا پاشا (هنری هەشتەم) زۆر بەتوندی ڕوبەڕویان ببێتەوەو بەکەسانی تێکدەرو گێرەشێوێن لەقەڵەمیان بدات، بۆیە ناچاربون ئەرکەکانیان زۆر بەسەختی و لەژێر گوشاری زۆردا ئەنجام بدەن بەجۆرێک

بەرۆژ ناچاربون لەماڵی دۆستەکانیان یاخود دارستانەکان خۆیان بشارنەوە لەدەست پیاوانی حکومەت و پیاوانی ئاینی کاسۆلیکی لە کڵێسا کە بەردەوام بەشوێنیانەوە بون، بۆیە ئەو پیاوانە ناچاربون بەشەوان دەستیان دەکرد بە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان و جێبەجێکردنی کارەکانیان لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجە ئاینیەکانیان(Martyn, 1867:100,101) وەک (فرۆود Froude)وتویەتی "ئەم کۆمەڵەیە کە لەپێکهاتەکەیدا کەسانی هەژارو کەم دەرامەت و پیشەوەری بچوک و کەسانی ئایینی پاک هەبون، کەبون بەبناغەی دروستبونی پیوریتانەکان و ئەمانە سەرەتاییترین پیوریتان و کەسانی پاک و پاکخواز بون، کەژیانی خۆیان کردە قوربانی چاکسازی و پاکخوازی لەئایینی مەسیحیدا" ;Froude, 1866:87; Crooks, 1897:543) (Perring, 1871: 1871:109، لەم چوارچێوەیەدا ئەم کۆمەڵە لەسەرەدەمی پاشا (ئیدواردی شەشەم١٥٤٧–١٥٥٣) کارەکانیان زیاتر فراوان بو بەهۆی ئەو ئازادییە ئاینییەی فەراهەم کرابو لەهەمان کاتدا ئەو هاوکارییە زۆرەی دەکران، ئەمە وایکرد زیاتر جەخت لەسەر چاکسازی زیاترو زۆرترو وردتر بکەنەوە لەناو کڵێسای ئینگلیزیدا، ئەم هەنگاوانە وایکرد خەڵکی زیاتر لەدەوری کۆمەڵەکە کۆببنەوەو ئومێدی گەورەیان پێی هەبێت بۆ گۆڕانکاری ئەو کەسانە ئەوانە بون کەدواتر پێیان وترا پیوریتانەکان(Martyn, 1867 :101).

بۆچونێکی دیکە کە ئاماژەی بەناساندن و سەرەتای سەرهەڵدانی پیوریتانەکان کردوە لەلایەن (مارسدین– Marsden) خراوەتەڕو، ناوبراو پێیوایە "پیوریتانەکان ئەو کەسانە بون کەداوای چاکسازی پاک و وردیان دەکرد لەکڵێسای ئینگلیزیدا، هەرچەندە نیگەران بون لەدواکەوتنی چاکسازی و بەهێواشی ڕۆیشتنی پرۆسەکەو ئەنجام نەدانی گۆڕانکاری زۆر، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا تاڕادەیەک ڕێزیان لەبنەما سەرەکییەکانی کڵێسای ئینگلیکانی ئینگلیزی دەگرت. یەکەمین پیوریتانەکانیش بریتیبون لە (جۆن هۆپەر–John Hooper) و هاوڕێکانی، کە لەسەرەدەمی پاشا ئیدواردی شەشەمدا بەتەواوەتی دەرکەوتن، (هۆپەر) هاوڕێی زۆر نزیکی هەریەکە لە(بۆلینگەر– Bullinger)[١٣] و (گواڵتەر– Gualter)[١٤] بو، کەئەم دو کەسایەتیە ڕێبەری دۆزی پرۆتستانت بون لەئەڵمانیاو سویسراو کاریگەری زۆریان بەسەر بیروڕاکانیدا هەبو، بەشێک لەئاڕاستەی هزری ئەویان پێکهێنابو(Marsden, 1852:3-9)، مارسدین لەدرێژەی بیروڕاکانی دەربارەی ناساندنی پیوریتانەکان نوسیویەتی "بەهاتنە سەر دەسەڵاتی شاژن (ماری تیۆدۆر–١٥٥٣–١٥٥٨)، بەشێکی زۆر لە کەسە (پاکەکان–پیوریتانەکان) بەپەلە وڵاتیان جێهێشت و هەڵاتن، بەهۆی ئەو سیاسەتە توندو تیژەی بەرامبەریان پەیڕەوکرا. لەسەرەتادا ژمارەیان نزیکەی هەزار کەس دەبو کەپێکهاتبون لەپێنج قەشەو پەنجا پیاوی ئایینی گەورەی کڵێساو پزیشکی زانکۆکانی ئینگڵتەرا و دەیان کەسی ئەکادیمی و ئەوانی دیکە خەڵکی ئاسایی و هەژار بون، بەکتوپڕی ئاوارە بون"(Marsden, 1852:17)، هاوکات(ئەندریو میلەر– Andrew Miller) جەختی لەسەر هەمان بیروڕای(مارسدین–Marsden) کردۆتەوەو پشتگیری تەواوەتی کردوە کە سەرەتای سەرهەڵدانی پیوریتانەکان بۆ سەردەمی پاشا (ئیدواردی شەشەم) دەگێڕێتەوەو جەختی لەوە کردۆتەوە کە پێشەوای پیوریتانەکان بریتیبون لە(جۆن هۆپەرJohn Hooper– و تۆماس کرانمەر Thomas

Cranmer)، بەتایبەتی کاتێک کە (تۆماس کرانمەر) داوای لە (جۆن هۆپەر) کرد کۆتایی بەئاوارەیی بهێنێت و بگەڕێتەوە ئینگلتەڕاو هاوکارو پشتیوان بێت لەسەرخستنی پرۆسەی چاکسازیدا، بۆ ئەم مەبەستە پۆستی سەرۆکی کڵێسای (گلۆستێری-Gloucester) بۆ پێشنیازکرا، هەرچەندە لەسەرەتادا (جۆن هۆپەر) بەهۆی بیروباوەڕەکانی دەربارەی ڕێوڕەسمی دەست بەکاربون و پۆشینی شێوازی جلوبەرگ لە مەڕاسیمەکە ڕەتیکردەوە، چونکە بەدەرچون لەبنەماکانی ئایینی مەسیحی و زیادکردن لە ئاینی پاکی دەزانین، بەڵام دواتر لەژێر کاریگەری هەردو کەسایەتی ئایینی زانکۆکانی (ئۆکسفۆرد-Oxford) و (کامبریج-Cambridge) (پیتەر مارترێر Peter Martyr)[15]و(مارتن بۆسەر Martin Bucer)[16]ڕەزامەند بو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەم دو کەسایەتییە ڕۆڵی گەورەیان لەچاکسازی کڵێساو ئینجیلیکانیدا هەبو، لەدوبارە پێداچونەوە بەپەرتوکی نوێژی باوی ئینگلیزیدا تا ئاستێک کەبەردەوام لەهەوڵی چاکسازی زیاتردا بون، ئەمەش ئەو خاڵە جەوهەریە بو کە ئەو بەردەوام داوای دەکرد(Miller, 1999:2411,2412)، لەم گۆشەنیگایەوە بەشێکی زۆر لەسەرکردەکانی پیوریتان لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی شاژن ماری دەستگیرکران و داوای پەشیمان بونەوەو دانان بەفەرمانەکانی شاژنیان لێکرا، کە بریتیبو لە وازهێنان لەو بیروباوەڕانەی لەسەری بون و گەڕانەوە بۆ باوەڕی کاسۆلیکی، دەربڕینی پەشیمانی لەو گۆڕانکاریە ئاینیانەی کردبویان، ئەمە سەرەڕای تەوبەکردن لەبەردەم خەڵک و پابەند بون بە هەمو مەڕاسیم و نەریت و بڕیارە ئاینییەکانی پاپای ڕۆمانی، بەڵام ئەوان ڕەتیانکردەوە، بۆیە ماوەی نێوان ساڵانی ١٥٥٥-١٥٥٨ زۆرترینیان ڕوبەڕوی سوتاندن و لەسێدارەدان و مەرگ کرانەوە کەژمارەیان ٢٨٤ کەس بو، لە نێویاندا (جۆن هۆپەر) کە بەیەکەم سەرکردەی پیوریتانەکان دادەنرا بەفەرمانی شاژن ماری سوتێنراو لەکاتی سوتاندنی هاواری دەکرد "عیسای مەسیح، ڕوحی من وەرگرە"، دوای ئەو (تۆماس کرانمەر) سوتێنرا، بەشێوازێکی زۆر دڕندانە کە هاوتای نەبو، ئەم بارودۆخە بەردەوام بو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ قوربانی زیاترو سیاسەتی توندوتیژتر بەرامبەر پرۆتستانتەکان بەگشتی و پیوریتانە توندەکان بەتایبەتی پەیڕەودەکرا تا گەیشتە ئەو ئاستەی هیچ هیوایەک لە ئینگلتەرادا بۆ بەردەوام بونیان نەمێنێت، شا ژن بەردەوام بو لە لەناوبردنی پیوریتانەکان و بڕیاریدا بە سوتاندنی (ڕۆجەرز-Rogers)[17]، پاشان (ساوندەرز- Saundersو دکتۆر تایلۆر Dr. Taylor و برادفۆر- Bradford) سەرۆکی زانکۆی (سانت پاوڵ لەسمیسفێڵد-Smithfield)، ئەم هەنگاوانەی شاژن دژی ڕێبەرانی چاکسازیخوازی پیوریتان هەربەمە نەوەستا بەڵکو هەریەکە لە(ڕیەلی-Ridley) و (لاتیمەر-Latimer)یشی گرتەوەو لەسێدارە دران. بەمەش ئەم قۆناغە بو بەیەکێک لە توندوتیژترین سەردەمەکانی مێژوی ئینگلتەرا کە زۆرترین قوربانی و زیانی بۆ پیوریتانەکان لێکەوتەوە(Miller, 1999:2400-2410; Barber, 1855: 191-193)، بەم شێوەیە سەردەمی شاژن ماری هەر لەڕۆژهەڵاتی ئینگلتەرا تا وێلز لەڕۆژئاوا، لەناوەڕاستەوە تا کەنارەکانی بەندەری ئینگلیزی ئاگر بۆ پیوریتان و پرۆتستانتە پاکەکان کرانەوەو کرانە قوربانی، تەنانەت دو ڕۆژ پێش مردنی

شاژن ماری لەساڵی ١٥٥٨ پێنج پیوریتان لەناو یەک ئاگردا لە(کانتێربێری-Canterbury) سوتێنران، ئەمانە یەکەمین ئەو کەسانە بون کەبەپیوریتانەکان ناسێنران(Wylie, 1899: 431).

(هێنری کۆفلی وێکمان-Henry Coffly Wakeman) لەم بابەتەدا جەختی لەسەر بیروڕای هەریەکە لە(مارسدین–Marsden)و (ئەندریو میلەر–Andrew Miller) کردۆتەوەو نوسیویەتی "پیوریتانەکان بریتین لەو کەسانەی لەسەردەمی پاشا ئیدواردی شەشەم بەتەواوەتی لەساڵی ١٥٤٧ لەئینگلتەڕادا سەریانهەڵداو بەپیاوانی (ئینجیلی) ناسرابون، داوای چاکسازی زیاترو وردترو توندتریان دەکرد لەکڵێسادا دژی ئەو شێوازو بنەما کاسۆلیکیانە بون کەلە کڵێسای ئینگلیکانیدا پەیڕەو دەکران و بەزیادکراویان دەزانین لەدەرەوەی پەرتوکی پیرۆز"(Wakeman, 1914:379)، کرانمەر لەپێشینەی ئەو کەسانە بو کەهەوڵی چاکسازی وردی لەکڵێسادا بەتایبەتی دوای هێنانەوەی کەسایەتییە چاکسازیخوازەکانی دەرەوە وەک (پیتەر مارتێر Peter Martyr)و (بوسەر- Buser)و (هۆپەر- Hooper)، دواجار بەهاوکاری ئەوان پەرتوکی نوێژی باوی ئینگلزی لەساڵی ١٥٥٢ بەچاپێکی نوێوە بڵاوکردەوە(Brown, 1910:7)، ئەگەرچی هۆپەر لەو کەسانەبو ڕەزامەندی تەواوی لەسەر نەبو پێیوابو هێشتا خورافیان و زیادەی تێدایە، بەڵام بەیارمەتی و هاندانی ڕێبەرانی تری چاکسازی ئەم هەنگاوەی بەباش دانا بەمەرجی بەردەوام بونی چاکسازی زیاترو وردتر، ئەمانە کەسانی سەرەتایی پیوریتان بون (Blakeney, 1870:33,34)، دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی شاژن (ماری تیۆدۆر)و لەناوبردنیان، نزیکەی (300) کەس لەلایەنگران و پیوریتانە سەرەتاییەکان سوتێنران و ٨٠٠ کەس لەژن و پیاوی پیوریتانی بەکتوپڕی دوای گەیشتنی پەیامی ڕێبەرانیان وڵاتیان بەجێهێشت، ئەوانە ئەو پیوریتانە سەرەتاییانە بون کەدرێژەیان بەڕێبازی پاکخوازی هۆپەرو کرانمەرو هاوڕێیانیاندا(Bremer, 2009:6). ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کەپیوریتانەکان بەرهەمی سروشتی و بنەڕەتی چاکسازی بون، کەبەپیاوانی ئایینی کاسۆلیکیان وت چیتر ناتوانن پاپاو پاشاکان ئاین و بیروباوەڕی خەڵک دیارییبکەن، ڕێبەرانی پیوریتان کە لەسمیسفێڵد سوتێنران و بەشێک لەڕێبەرانیان ئاوارەی وڵاتان بون دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کەپیوریتانەکان ئەو کەسانە بون بەناو خراپترین و ترسناکترین و سەختترین ژیاندا تێپەڕین بۆ ئەوەی دیمەنێک نمایشبکەن بەئازارو قوربانیدانەکانیان لەپێناو ڕێگای ڕاست و پاکی مەسیحیەتدا بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی باشترو پاکتر بۆ مرۆڤەکان بەگشتی و بڕوادارە مەسیحیەکان بەتایبەتی (Martyn, 1867:266; Stowell, 1878:XII).

لەم گۆشەنیگایەوە ولیام کارلۆس مارتین (William Carlos Martyn) هاوڕایە لەگەڵ ئەو ڕایەی کەپیوریتانەکان لەسەردەمی پاشا (ئیدواردی شەشەم) سەریانهەڵداوە، بەڵام لەسەردەمی (شاژن ماری)دا بەتەواوەتی دەرکەوتون، ئەو وتویەتی "ئەگەر پیوریتانەکان بەمنداڵێک بچوێنین، ئەوا ئەو منداڵە لەسەردەمی (پاشا ئیدوارد)دا لەدایکبوە، بەڵام لەسەردەمی شاژن (ماری)یدا شیری پێ دراوەو گەورە بوە"، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەسەردەمی ماریدا زۆریک لەپیاوە باش و پاک و ڕاستگۆکان کەبەپیوریتان ناسرابون،

ئینگلتەرایان بەجێهێشت و دەربەدەرو ئاوارەبون بۆ وڵاتانی تری کیشوەرەکە (ئەوروپا)، بەتایبەتی ئەو شارانەی چاکسازی ئایینی تێدا چەسپابو. لەسەرەتادا بەشێکیان بەرەو فەرەنساو بەشێکیان بەرەو سویسراو بەشی زۆریشیان بەرەو (فرانکفۆرت-Frankfort) لەئەڵمانیا ڕۆیشتن و لەوێدا نیشتەجێبون، کە جگە لەئاوارە ئینگلیزییەکان ئاوارەی فەرەنسیشیان لەگەڵدا بو کەپێشتر بۆ ئەم شارە چو بون، پیاوە ئایینییە پیوریتانیەکان هەر لەسەرەتاوە لەهەوڵی دابینکردنی شوێنێکی گونجاو بون بۆ بەجێگەیاندنی پەرستش و ئەرکە ئایینیەکانیان بۆیە کێبڕکێیان لەنێوان خۆیاندا دەکرد، بۆ ئەم مەبەستە باشترین شوێن بەلایانەوە (هوگینۆت)بو کە کڵێسای تایبەت بو بەئاوارە فەرەنسیەکان بۆیە کاتێک بانگێشتی پەنابەرە ئینگلیزەکانی کرد تا هاوبەشی لەکڵێساکەدا بکەن بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینیەکانیان ئەوەش دوای ئەوەی شارەوانی فرانکفۆرت ئەم کڵێسایەی بەڕویاندا کردەوەو ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر بەشداریکردنی پەنابەرە ئینگلیزەکانی هاوشانی فەرەنسییەکان تیایدا ئەوانیش خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی و ڕەزامەند بون و بە هەنگاوێکی باشیان زانی بۆ گەیاندن و بڵاوکردنەوەی زیاتری بیروباوەڕەکانیان، لەم چوارچێوەیەدا کۆبونەوەیەکی گەورە ئەنجامدرا لەنێوان پەنابەرە فەرەنسیەکان و ئاوارە ئینگلیزیەکان تا هیچ کێشەیەک لەسەر چۆنیەتی بەجێگەیاندنی ئەرکە ئاینییەکان لەناو کڵێساکەدا لەنێوانیان ڕونەدات، مەرجی ئەوە دانرا کەهەمویان پابەند دەبن بەڕێوەڕەسمی پرۆتستانتی فەرەنسی کە لەبنەڕەتدا خۆی لەبیروباوەڕەکانی کالڤنیزمدا دەبینیەوە. دوای ڕاوێژ پەنابەرانی ئینگلیزی ڕەزامەندیان لەسەر ئەممەرجانە دەربڕی و لەوتاری (یەکشەمە)دا دوای بەجێگەیاندنی نوێژو وتنی سرودی ئاینی وتاری کڵێساش خوێندرایەوەو دواتریش نزای گشتی بۆ هەمو هەرێمەکانی ئەڵمانیاو فەرەنساو ئینگلتەرا کراو بەنزای پەروەردگار کۆتایی هات(Martyn, 1867:124,125).

پیوریتانەکانی (فرانکفۆرت) بەسەرکردایەتی (جۆن نۆکس- John Knoks)[18] نامەیان بۆ سەرجەم پەنابەرانی ئینگلیزی نارد لەشارەکانی تری ئەوروپا تا لە(فرانکفۆرت) کۆببنەوەو کۆڕبەندێک ئەنجام بدەن، ئەم بانگێشتە بۆ ئاوارەو دەربەدەرەکانی(بازل Basil، ستراسبۆرگ-Strasburg، زیوریخ–Zurich) نێردرابو، لەنامەکەدا بە ڕونی چاکسازیخوازانی ئینگلیز شانازیان بەهەوڵە نوێیەکانی خۆیان کردبو کە زۆر نزیکە لەفۆرمی سەرەتایی مەسیحیەت، نزیکە لەو فۆرمەی لەسەردەمی پاشا ئیدواردا هەبو زۆرێک لەڕێبەرانیان خۆیان لەپێناویدا کردبوە قوربانی، بەڵام پیاوانی ئایینی ستراسبۆرگ ڕەتیانکردەوە بەشداری لەکۆڕبەندەکەدا بکەن، بەهەمان شێوە پرۆتستانتەکانی بازل هیچ ڕەزامەندیەکیان نیشاننەدا بۆ بەشداری کردن. لەهەمانکاتدا پیاوانی ئایینی ئینگلیزی لەکڵێسای زیوریخ ڕەتیانکردەوە بەشداری لەکۆڕبەندەکەدا بکەن بەبیانوی ئەوەی کە ئەڵمانیا شوێنگەیەکی جوگرافی نزیکی لەئینگلتەڕا هەیە و بۆ سیخوڕانی شاژن (ماری تیۆدۆر) ئاسانە زانیاریان لەسەر کۆبکەنەوەو ڕوبەڕوی مەترسیان بکەنەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی پێیان وابو دەرفەتی زۆر زیاترو هەلی گونجاوتر لەزیوریخ بۆ چاکسازی و پاکخوازی و فێربونی باشتر هەیە، بۆیە بەپێویستیان زانی کۆربەندەکە لەزیوریخ بکرێت نەوەک لە فرانکفۆرت، بەمەش یەکەم هەوڵی

پیوریتانەکان بۆ کۆکردنەوەی پەنابەرانی ئینگلیزی بەسەرکردایەتی (جۆن نۆکس) سەرکەوتو نەبو شکستی هێنا(Neal, 1837:77-79).

لەهەمان کاتدا لەگەڵ سەرنەکەوتنی هەوڵی نۆکسییەکان بۆ دروستکردنی یەکێتییەکی ئاینی بۆ پەنابەرە ئینگلیزییەکان لە هەمو ئەوروپاداو شکستهێنانیان لە بەستنی کۆڕبەنداکەدا، بەشێک لە پڕۆتستانتە ئینگلیزەکان جیابونەوەی خۆیان ڕاگەیاند بەهۆی نارەزایەتیان لەو فۆڕمە توندەی کە پەیڕەو دەکرا، نۆکسییەکان هەوڵیان دەدا بەتەواوەتی بیسەپێنن بەسەر تەواوی پڕۆتستانتە ئینگلیزییەکاندا، بۆیە زۆر بە سەختی دژیان وەستانەوە ئەم بارودۆخە بەمشێوەیە بەردەوام بو تا گەیشتنی یەکێک لەپیاوە ئاینییە گەورەکانی ئینگلتەرا بەناوی (ڕیچارد کۆکس- Richard cox)[١٩] بە(فرانکفۆرت) لەساڵی ١٥٥٥، کەخاوەن ڕێزی زۆرو کەسایەتیەکی کاریگەر بو لەناو پڕۆتستانتە ئینگلیزەکاندا، بەهۆی ئەوەی لەپێشتردا مامۆستای تایبەتی پاشا (ئیدواردی شەشەم) بو هەروەها ڕاوێژکاری زانکۆی ئۆکسفۆردو ڕۆڵی گەورەی گێڕابو لەکۆکردنەوەی پەرتوکی (لیتۆرگی ئینگلیزدا)، ئەمە سەرەڕای ئەو خزمەتە زۆرەی لەم بوارەدا کردبوی(Martyn, 1867:128,129)، بەگەیشتنی (ڕیچار دکۆکس) بەفراکفۆرت ئەم دابەشبونەی نێوان پڕۆتستانتە ئینگلیزیەکانی قوستەوە، هەڵسا بەرەخنەگرتنی زۆر توند لەسەر ئەو شێوازە پەرستشەی کە پەنابەرانی ئینگلیزی لەکڵێسادا پەیڕەوی دەکەن و بەدەرچون لەبنەمەکانی ئایینی مەسیحی لەقەڵەمدا بەتایبەتی ئەو ڕێورەسمانەی جێبەجێیدەکەن، بۆیە بڕیاریدا دوبارە پێداچونەوەیان پێدابکاتەوەو ڕاستیان بکاتەوە(laing, 1855:32,33).

لەم ڕوانگەیەوە لەڕێوڕەسمی ئایینی ڕۆژی (یەکشەمە)دا (کۆکس) زۆر بەتوندی هاواری کرد، کەپێویستە کڵێسای (فرانکفۆرت) ڕوخسارێکی ئینگلیزی هەبێت دور بێت لە ئاکاری نادروست و زیادکراو، بۆیە (یەکشەمە)ی دواتر یەکێک لەخوێندکارەکانی (کۆکس) بەبێ ڕەزامەندی وەرگرتنی پیاوانی ئایینی کڵێساکە چوە سەر مینبەرو لەبەیانیەکی زۆر زودا تەواوی (لیتۆرگی ئینگلیزی) خوێندەوە، ئەم کردەوەیە زۆر بەتوندی لەلایەن (جۆن نۆکسە)وە ڕەتکرایەوەو بەبێ ڕێزی بەرامبەر پیوریتانەکان و پڕۆتستانتە ئینگلیزەکان لەقەڵەمیدا، بەم شێوەیە ناکۆکی کەوتە نێوان ئەو کەسانەی دواتر بەپیوریتانەکان ناسێنران و پڕۆتستانتەکانی تری ئینگلیزی، ئەمە یەکەم بەریەک کەوتنیان بو لەئاوارەیدا(Graham, 2013:94,95).

لەم گۆشەنیگایەوە پیوریتانەکانی هەواداری (جۆن نۆکس) هەڵسان بەناردنی (لیتۆرگی ئینگلیزی)[٢٠] بۆ جنێف تا (جۆن کاڵڤن) بڕیاری لەسەر بدات، چونکە ئەوان پێیان وابو کەئەم (پەرتوکە) بەدور نییە لەخورافیات و شتی زیادە کە لەهیچ شوێنێکی پەرتوکی پیرۆزدا جێگای نابێتەوەو ئەوان ناتوانن پەیڕەوی لێ بکەن، دوای گەیشتنی پەرتوکەکەو ئەو خوێندنەوەی لەلایەن (کاڵڤن)ەوە بۆی کراو سەرنج و تێبینی (جۆن کاڵڤن) گەیشتەوە (فرانکفۆرت) کەتێدا هاتبو "ئەوەی لەلیتۆرگی ئینگلیزی دەیبینم ئەو پاکییە نییە کەدەبو ببوایە، بۆیە پێویستە پێداچونەوەی پێدابکرێت و پاکترو وردتر ڕێنمایی و پەرستشەکانی مەسیحیەتی تێدا جێگیر بکرێت

و پاکبکریێتەوە لەزیاد ڕەویەکان و زیاتر نزیک بێتەوە لە بنەماکانی سەرەتای ئایینی پاکی مەسیحی" ,Hook) (1838:73، ئەم وەڵامەی (کالڤن) بەتوندی لەلایەن (کۆکسیەکان)ـەوە ڕەتکرایەوەو کێشەکەی زیاترو قوڵتر کرد، لەبەرامبەردا هەڵسا بەدانانی پەرتوکی (لیتۆرگی ئینگلیزی) لەجێگای ئەو شێوازە نوێیەی کەپێشتر پەنابەرانی ئینگلیزی لەفرانکفۆرت جێبەجێیان دەکرد کە زیاتر خۆی لەچوارچێوەی بیروباوەڕەکانی (کالڤن)دا دەبینیەوە، ئەمەش لەلایەن (پاکەکان-یان پیوریتانەکان) بەهیچ شێوەیەک قبوڵ کراونەبو، زۆر بە توندی ڕەتکرایەوە(Martyn,1867:127).

ئەم هەنگاوانە وایکرد پیوریتانەکان هەمو تێڕوانین و ڕێککارەکانی (کۆکسیەکان) ڕەتکەنەوەو دژی بوەستنەوە، بۆیە داوایان کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە نوێنەرانی هەردو ئاڕاستە بچنە لای (جۆن کالڤن) ڕێبەری ڕەوتی چاکسازی لەجنێف، بەڵام (کۆکسیەکان) ئەمەیان ڕەتکردەوە، خۆیان تاک لایەنە داوایان لە(کالڤن) کرد کەبیروڕای خۆی لەسەر ڕێوڕەسمەکانیان و ڕێککارەکانی پەرستن و شێوازی جێبەجێکردنی ئەرکە ئاینییەکانیان دەرببڕێت، (جۆن کالڤن) لەوەڵامی داواکاری (کۆکسیەکان) دوای بیانو هێنانەوە بۆ ڕەتکردنەوە دەستەوەرنەدان لەکارەکانیاندا دەڵێت: "ئێوە زۆر ئاڵودە بون بەڕێوڕەسمەکانی ئینگلیزی، باشترە لەئێستادا بەهۆی بونی ئازادی زیاتر لەکارەکانتاندا دەرفەتی گەورەتان هەیە پێداچونەوەیان پێدابکەن و خزمەت و پەرستنی پاکترو سادەتری مەسیحیەت بکەن، هەروەها ڕەفتارەکانتان بەرامبەر جۆن نۆکس و هەوادارانی ناڕەوان و بەشێکن لە تاوان، ئەوەی ئێوە بەرامبەر براکانتان دەیکەن نەخوداپەرستییە نەبرایەتییە، بۆیە داواتان لێدەکەم ڕێگری بکەن لەدابەشبونی خۆتان لەئاوارەییدا"(Martyn, 1867:131,132).

ئەم وەڵامەی (جۆن کالڤن) ئەگەرچی توانی بۆماوەیەک ئاشتەوایی فەراهەم بکات لەنێوان هەردو بیروڕاو ئاڕاستەی پەنابەرانی ئینگلیزی لە(فرانکفۆرت)، تاڕادەیەک ڕێکبکەون لەسەر ئەوەی هەرچیەک پێویست بکات و گونجاو بێت بۆ باشترکردنی دۆخی کڵێساو بارودۆخی ئاوارەکان بیکەن، لەکاتی بونی هەر ناکۆکیەک بگەڕێنەوە بۆ جنێف، بەڵام ئەم بارودۆخە زۆری نەخایاند بەهۆی بەردەوام بون وپێداگری(کۆکسیەکان) لەسەر بیروباوەڕەکانیان و جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کەپێویستە سەرجەم پەنابەرانی ئینگلیز پابەندبن بە(لیتۆرگی ئینگلیزی)، هەر بەمە نەوەستان، بەڵکو دەستیانکرد بە نانەوەی پشێوی زۆر لەکڵێسادا تا ئاستی سوکایەتیکردن بە(نۆکسیەکان)، تەنانەت داوایان لە(جۆن نۆکس) کرد کە(لیتۆرگی) بخوێنێتەوە لەناو کڵێساداو پابەندبونی خۆی بەو پەرتوکە ئینگلیزیە ڕابگەیەنێت، بەڵام (جۆن نۆکس) بەتوندی ئەمەی ڕەتکردەوە، لەبەرامبەردا کۆکسیەکان هەڕەشەی ئەوەیان کرد کە ئیمپراتۆر لەم کارو وتانەی نۆکس ئاگادار دەکەنەوە، بۆیە (جۆن نۆکس) بە ڕون و ڕاشکاوی ڕایگەیاند کە ئیمپراتۆر دژی مەسیح و بنەمەکانی پاکی مەسیحیەتە(Heaton, 1913:100)، بەمەش بەڵگەی تەواو کەوتە دەست (کۆکسیەکان) تا لە دژی بەکاریبهێنن و پەستانی زیاتری بخنە سەرو ناچاری بکەن (فرانکفۆرت) جێبهێڵێت(Fuller, 1814:217-218). ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییە زانستیەیە کە سەرجەم پرۆتستانتە ئینگلیزییەکان ڕەزامەند نەبون بە

شرۆڤەکانی جۆن کالڤن و بیروڕاکانی ئەویان قبوڵ نەبوە، تەنانەت تا ئاستێک دژی تێڕوانینەکانی وەستاونەتەوە، هەر ئەمەش دەبێتە دەستپێکی ئەو ململانێ ئایینیەی کە دواتر لە نێوان هەردو ئاراستەی پیوریتانی و ئینجیلیکانی لە ناو کڵێسای ئینگلیزی سەرهەڵدەدات و گەورەترین کاردانەوەو مەترسی لێدەکەوێتەوە.

یەکەم کاردانەوەی (جۆن نۆکس) دوای جێهێشتنی شاری فرانکفۆرت پەیوەندیکردن بو بەڕێبەرانی چاکسازی لە(جنێف)، لەدوای گەیشتنی بەشارەکە هەڵسا بەسەرپەرشتیکردنی کڵێسایەکی تایبەت بەپیوریتانەکانی ئینگلتەرا، بۆیە پەیتا پەیتا ئەوانەی هاوبیروباوەڕو تێڕوانین بون بەرەو (جنێف) کۆچیان کردو لەوێدا پەرەی زیاتریان بەڕێبازەکەیانداو تاوەکو مردنی شاژن (ماری تیۆدۆر) تێدا مانەوە، بەبیستنی هەواڵی مردنی شاژن بەخێرایی و بەوپەڕی گڕوتینەوە گەڕانەوە وڵات و بەپیوریتانەکان ناسێنران (Moots, 2010:72,73)، لەگەڵ گەشتنەوەی نۆکس بۆ ئینگلتەرا بە توندی هاوبیری خۆی و جۆن کالڤنی لە دژایەتی و سوکایەتیکردن بە دەسەڵاتی شاژن و حکومەتی ژنان دوپاتکردەوە، لەگەڵ ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی شاژن لە هەڵبژاردنی پیاوانی ئاینی بۆ پۆستەکانی کڵێسا، پێداگری لەسەر هەڵبژاردنیان لەڕێگەی ئەنجومەنی کڵێسا و بێ دەستوەردانی شاژن و دەسەڵاتی شاهانە لە کاروباری کڵێسادا کە ئەمەش بەتەواوەتی دژی دەسەڵاتی پاشایی بو(محمد،٢٠٠٧: ٢١٩)، ئەم کێشەیە سەرەتایترین ناکۆکی و ململانێی پەنابەرانی پرۆتستانتی ئینگلیزی و ئەوانە بو کە بە(پیوریتان) ناسران لەئاوارەیداو یەکەم هاواری نارەزایەتی ئەوان بو لەپەناهەندەیدا بەرامبەر پەرتوکی ئاینی ئینگلیزی و ڕێوڕەسمە ئاینیەکانیان(Moots, 2010:72,73). ئێمە پێمان وایە دەکرێت ئەمە وەک دەرکەوتنی یەکەمین نیشانەکانی بیروباوەڕی پیوریتانی و سەرەتای سەرهەڵدانی ڕوئیاو ئایدیاکانی ئەو کەسانە بێت کە دواتر بە پاک ویستەکان ناسران و لەچوارچێوەی بزوتنەوەیەکی ئاینی ڕێکخراودا خۆیان بەرجەستە کرد و کەوتنە ململانێ لەگەڵ ڕەوتە ئاینییەکانی تر لە ئینگلتەڕادا بەگشتی و ئینجیلیکانی بەتایبەتی.

یەکێکی تر لە بیروڕاکان پێی وایە لەسەرەتادا پیوریتانەکان گروپێکی ڕێکخراو خاوەن دیسپلین نەبون تا بتوانن بەئاسانی دەستنیشانیان بکەین و بیانناسێنین، بەڵکو زیاتر پیوریتان خۆی لەچوارچێوەی ئەو کەسانەدا دەبینیەوە کەچاکسازیخوازو کەسانی سادەو پاک و توند بون لە جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینیەکان، زیاتر وەک هێزێکی توندڕەوی ئایینی و ئەخلاقی دەبینران، بۆیە ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا پێناسەیان بکەین دەکرێت (جۆن ویکلیف- John Wycliffe و لۆلاردیەکان- Lollards) بە یەکەمین پیوریتانەکان بناسێنین، دواتر پرۆتستانتە گەرمە چاکسازیخوازەکان بخەینە ناو ئەم چوارچێوەیە، پاشان لەسەردەمی پاشا ئیدواردی شەشەمدا هەریەکە لە(هۆپەرو کرانمەرو لاتیمەر) کەسە یەکەمەکانی پیوریتان بون، هەروەها (کارترایت– Cartwright و تراڤێرس–Travers) لەسەردەمی شاژن ئەلیزابیسی یەکەم-١٥٣٣-١٦٠٣دا ڕێبەرانی پیوریتانی بون، بۆیە ئەگەر پیوریتان لەسەدەی شازدەهەمدا بۆ ئەو کەسانە وترا بێت کەچاکسایخوازی

وردو پاک و توند بون، ئەوا لەسەدەی حەڤدەهەم هەمو ئەمانە دەگرێتەوە کەژیانی خۆیان تەرخانکردبو بۆ بەدەستهێنانی ئازادی لە ماف و جیاوکە ئایینیە دەستورییەکان لەدەوڵەتدا تا بەئازادی پەیرەوی بیروباوەڕەکانیان بکەن، بەم چەشنە هەرکەس و گروپێک لەناو پرۆتستانتدا داوای چاکسازی توندو پاک و زیاتر بکات، ئەوا دەچێتە ناو ئەو چوارچێوەیەیەی کەبەپیورتان بناسێنرێت، جا بە هەر ناوێک و لەژێر سەرپەرشتی هەرکەسێکدا بێت"(Brown, 1910:1).

بیروڕایەکی دیکە لەم بارەیەوە هەیە، کە هەریەکە لە (لیلاند ڕایکین–Leland Ryken و وردلی ساینت–Wordly Saint) خاوەنین، ئەمانە پێیان وایە "پیوریتانەکان لەمانگی ١١ ساڵی ١٥٥٨ لەسەردەمی شاژن ئەلیزابێسی یەکەمدا سەریانهەڵداوە، ئەویش بەتەواوەتی دوای ئەوەی کەشاژن بڕیاریدا کڵێسای ئینجیلیکانی بەفەرمی بناسێنێت و بیکاتە جێگای ڕەزامەندی هەمو ئاینزاو تێڕوانینە جیاوازەکانی ئینگلتەڕاو کۆتایی بەناکۆکی و ململانێی نێوانیان بهێنێت، لەم کاتەدا بەشێک لەپڕۆتستانتە توندو گەرمەکان کەداوای چاکسازی زیاترو پاکتریان لەکڵێسادا دەکرد ناڕازیبون بەم هەنگاوە پێداگریان کرد لەگەڕانەوە بۆ بنەما سەرەکیەکانی پەرتوکی پیرۆزو پاک کردنەوەی کڵێسا لەخورافیات و ڕێورەسمە داهێنراوەکان، ئەمانە سەرتایترین پیوریتانەکان بون"(Ryken, Saint, 1986:76 ; Benge, Pickowicz, 2020:3)، بەهەمان شێوە (جۆن ئاڕ. نۆت.جەی. ئاڕ–John R. Knott. J.R) پاڵپشتی ئەم بۆچونەی کردوەو نوسیویەتی "پیوریتانەکان و بزوتنەوەی پیوریتانیزم لەسەردەمی شاژن ئەلیزابیسی یەکەمدا دەستپێکرد بەدو ئاڕاستەی جیاواز، ئاڕاستەی یەکەم لەناو کڵێسای ئینجیلیکانی دەوڵەت هەوڵیاندەدا لەناوەوە چاکسازی لەکڵێسای دامەزراودا بکەن کەپێیان دەوترا پیوریتانەکان، ئاڕاستەی دوەم لەناو پەنابەرە ئینگلیزەکانی دەرەوە بەسەرپەرشتی (جۆن نۆکس)، دواتریش ڕەوتی (جیابوەکان–Separatists، براونیەکان–Brownists، ئەناباپیستەکان–Anabaptists) هەمو ئەم ڕەوتانە زۆر بەتوندی داوای چاکسازی تەواو بنەڕەتی و پاکخوازیان لەکڵێسادا دەکرد تا ئاستی گەڕانەوە بۆ ژیانی سەرەتایی مەسیح و هاوەڵانی، ئەمانە بەدوای شێوازێکی پەرستنی ئازادتردا دەگەڕان لەدەرەوەی پێکهاتەی کڵێسای ئینگلیزیدا. هەرچەندە شاژن هاوڕانەبو لەگەڵیان و دژیان وەستایەوە، بەڵام ئەمە سەرەتایترین سەرهەڵدانی پیوریتانەکان بو لەئینگلتەرا"(Knott, 1980:2)، هاوکات (کۆلینسۆن–Collinson) پێیوایە "بۆ ئەوەی ڕەچەڵەکی پیوریتانەکان و سەرەتای سەرهەڵدانیان ڕون بکەینەوە، دەبێت دان بەوەدا بنێین کەبەتەواوەتی ناتوانین هیچ ڕێککەوتێکی دیاریکراو بۆ لەدایکبون و سەرهەڵدانی پیوریتانەکان و ئامانجەکانیان دابنێین، بەڵام بەشی زۆری پیوریتانەکان لەسەردەمی پاشا ئیدواردی شەشەمدا دروستبون و بەشێکی تریشیان لەسەردەمی شاژن ئەلیزابیسی یەکەمدا، ئەوەی ڕونە ئەوەیە پیوریتانەکان وەک بزوتنەوەیەکی ڕێکخراو لەکەسانی چاکسایخوازو توندڕەو پاک پێکهاتبون، دەتوانین بڵێین سەرەتای سەرهەڵدانیان لەدەوروبەری ساڵی ١٥٦٠ بوە"(Collinson, 1988: 187,188).

لەم گۆشەنیگایەوە مێژونوس (پیتەر لەیک–Peter Lake) بەمشێوەیە پێناسەی پیوریتانەکان وسەرەتای سەرهەڵدانیانی دیاریکردوەو وتویەتی "کۆمەڵە کەسانێک بون کەچەند بنەمایەکی هاوبەشیان بۆ بەسەنتەرکردنی ئایین هەبو، لەسەردەمی پاشا ئیدواردا سەریان هەڵداوە"(Lake, 1993:3,4)، هەرچەندە (ج. سێرز مەکگی–J. Sears. McGee) بەشێوەیەکی تر باسی لێیان کردوە نوسیویەتی "پیوریتانەکان کەسانێکن جەخت لەجێبەجێی کردنی ئەرکە ئاینییەکان دەکەنەوە بەرامبەر خودا بەشێوەیەکی پاک و بێ گەرد بێ زیادەڕۆیی و دورکەوتنەوە لەخورافیات و بتپەرستی، باشترکردنی ئاکارەکانیان و چاکسازیکردن لەرێوڕەسمە ئایینییەکان، هەرکەسێک بکەوێتە ناو چوارچێوەی ئەم ناساندنە ئەوە پیوریتانە، جا چ خۆی بەپیوریتانەکان بزانێت یان نا، بۆ یەکەم جار لەسەردەمی شاژن ماریدا دەرکەوتن"(MaGee, 1976: 93,94) بەڵام (پاتریک کۆلنیسۆن-Patrick Collinson) کەسایەتی پیوریتانی زیاتر ڕون دەکاتەوەو دەڵێت "ئەوان خاوەن کەسایەتیی پرۆتستانتی ئینجیلی بەجۆش و خرۆش بون کەکاردانەوەیان هەبوە بەرامبەرکۆمەڵگاو ئەو بەلاڕێدابردن و بێ ڕێزیەی دەوری کۆمەڵگای داوە، وەک گروپێکی ناڕازی گەورەو فراوان بۆ چاکسازی لەکۆمەڵگاو دەوڵەوت و کڵێسا، بە فەرمی لەسردەمی شاژن ئەلیزابێسی یەکەم بە پیوریتان ناسران و سەریانهەڵداوە"(Collinson, 1967: 26,27).

ئەم ناکۆکی و جیاوازی لەناساندن و پێناسەکردنی پیوریتانەکان و سەرەتای سەرهەڵدانیان زادەی ئەو تێگەیشتنە جیاوازانەیە کەبۆیان کراوە، هەریەکە بەشێوازێک پێناسەی پیوریتانەکانی کردوەو ئەوانی ناساندوە، ئەم جیاوازیەش وایکردوە کەیەکێک لەتوێژەرە ئینگلیزەکان کەتوێژینەوەی زۆری لەسەر ئەم بابەتە ئەنجامداوە بەناوی (ئیڤێرت. ئێچ. ئێمرسۆن–Everett. H. Emerson) لەپەرتوکی (پیوریتانیزم لە ئەمریکادا–Puritanism in America) دەڵێت "بۆ ئەوەی بەتەواوەتی پیوریتانەکان بناسین پێویستە بزانین لەسەردەمی شاژن ئەلیزابیسی یەکەمدا سەریانهەڵداوە لەچوارچێوەی چوار گروپی جیاواز لەناو کڵێسای ئینجیلیکانیدا کەگروپی یەکەم تەنیا بەدوای چاکسازی سوک و کەمدا گەڕاون لەبابەتی نەهێشتنی جلوبەرگی ڕۆمانی لە ڕێوڕەسمەکانداو بانگەوازی زیاتر پرۆتستانتی، تاڕادەیەک لەگەڵ کڵێسای ئینجیلیکانی نزیکبون وەک (جۆن فۆکس–John Foxe و ئیدمۆند سپێنسەر–Edmund Spenser و ئیدمۆند گریندال– Edmund Grindal)، گروپی دوەم بەسەرکردایەتی (تۆماس کارترایت–Thomas Cartwright و جۆن فێڵد- John Field) هەوڵیاندا گۆڕانکاری لەپێکهاتەی ئایینی و ئەسقوفەکاندا بکەن و دەستیان بۆ گۆڕانکاری لەپلەبەندی پیاوانی ئایینی لەکڵێسای ئینجیلیکانی لەرێگای پەرلەمانەوە برد، بەڵام لەم کارەکەیان سەرکەوتو نەبون، گروپی سێیەم لەگەڵ ئەوەی دژی پلەبەندی ناو کڵێسا بون و داوای چاکسازی زۆرو بنەڕەتیان لەکڵێسادا دەکردو دژایەتی زۆریان بۆ بنەما ستانداردەکانی ئەلیزابیس و یاسای یەکخستنی ساڵی ١٥٥٩ هەبو، ئەم گروپە گەورەترین گروپی پیوریتانەکان بو کەسەرجەم بەندەکانی جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینییەکانی ناو پەرتوکی نوێژی باوی ئینگلیزی وەک بنەمای کاسۆلیکی لێکدەدایەوەو بە توندترین شێواز دژیان وەستانەوەو

ڕەتیانکردنەوە، داوای گۆڕانکاری تەواویان کرد لەم بەندانە ڕێبەرانی ئەم گروپە هەریەکە لە (لۆرانس چادەرتۆن–Lau-rence chaderton ورِیچارد گرینهام–Richard Greenham و ولیام پێرکنز– William Perkins) بون، گروپی چوارەم بریتیی بون لەو کەسانەی کە لەنەبونی چاکسازی لەناو کڵێسای ئینجیلیکانی ئینگلیزیدا بێزاربون و بەتەواوەتی لەکڵێسا کشانەوە، گروپێکی جوداخوازو سەربەخۆیان پێکهێنا بەسەرپەرشتی ڕیچارد کلیفتۆن Richard Clyfton، جۆن سمیس–John Smyth، ولیام بریوستەر– William Brewster، ولیام بروفۆرد–William Bradford)، ئەم دو گروپەی کۆتایی دواتر ئینگڵتەڕایان بەجێهێشت و بەرەو ئەمریکا ڕۆیشتن لە دواتردا بەشێک لەکۆلۆنیەکان و ئەمریکایان دروستکرد"، لەهەمانکاتدا (ئیڤێرت ئیمرسۆن) دەستپێکی سەرهەڵدانی پیوریتانەکان بۆ ماوەی ساڵانی ١٥٥٨–١٥٥٩ لە ناو کڵێسای ئینجیلیکانیدا دەگەڕێنێتەوە(Emerson, 1977:18,19)، بەهەمان شێوە هەریەکە لەتوێژەرانی بواری پیوریتانیزم (مارگۆ تۆد–Margo Todd، لیۆنارد. جەی. ترینتیرۆد – Leonard. J. Trinterod) پشتگیری ئەم بیروڕایە دەکەن کەپیوریتانەکان لەسەردەمی شاژن ئەلیزابیسی یەکەمدا سەریانهەڵداوە، تاکە شتێک کە لەماوەی چوارسەد ساڵی ڕابردودا زۆربەی توێژەران لەبارەیەوە هاوڕابن و کۆکبن ئەوەیە کەپیوریتانەکان پێکهاتبون لەگروپێک کەبەڕون و ئاشکرایی لەناو کڵێسای ئینجیلیکانی ئینگلیزیدا دەبینران و دیاربون، ئەوەی جیای دەکردنەوە لەپرۆتستانتەکانی دیکە ئەوەبو ئەوان لەبنەڕەتدا جوداخواز نەبون، بەڵکو داوای چاکسازی زیاتریان کردوە لەناو کڵێساداو تەنانەت لەناو دەوڵەتیشدا، هەوڵیانداوە لەڕێگەی پەرلەمانەوە دەست بۆ ئەم هەنگاوە چاکسازیانە لەهەردو بواردا ببەن(Todd,1987:9; Trinternd, 1971:1)، بەڵام دوای بێ ئومێد بونیان دابەشدەبن بۆسەر دو گروپ، گروپی یەکەم بەردەم دەبن لە مانەوە لەناو حکومەت و کڵێسای ئینگلیزی بەڵام گروپی دوەمیان داوای جیابونەوەی تەواوەتیان دەکرد لە حکومەت و کڵێسا و لەژێر سەرپەرشتی کەسایەتییەک بەناوی براون(محمد، ٢٠٠٧: ٢٢٣)، کە پێداگری زۆری دەکرد لەسەر جیاکردنەوەی دەسەڵاتی کڵێساو دەوڵەت بە توندی دژی هەژمونی دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر کڵێسا وەستایەوە، بانگەشەی بەتەواوی ئینگلتەرادا بڵاوکردەوە توانی ژمارەیەکی زۆر لایەنگر بۆ خۆی کۆبکاتەوەو زیان بە دەسەڵاتی شاهانە بگەیەنن(دیورانت،٧/١٩٩٨: ٣٤)، تەنانەت (کۆک – Cook) کاتێک لەساڵی ١٥٦٨ گەشتی بەرەو ئەوروپای پرۆتستانتی کرد ئاماژەی بۆ ئەوە کردوەو نوسیویەتی "ئەوانەی پێیاندەوترا (بڕاونی یان پیوریتان) لە لەندەن کۆدەبونەوەو سەریانهەڵدابو، بەئاشکرا بانگەشەیان بۆ بیروباوەڕەکانیان دەکرد کە چاکسازیکردن بو، کەسانی توندڕەو بون و پاکبون، لەبانگەشەکانیاندا دەیانوت دواجار ئێوە دەزانن بۆتان دەردەکەوێت بۆ ئێمە پاکترین لەهەمو ئەوانی دیکە"(Harding, 1568: 332)، ئەمەش وایکردبو کە بیروڕاکانیان لەناو سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگا بڵاوبێتەوە، بەتایبەتی چینی بورژوازی لەشارەکان و دەرەبەگە بچوکەکان لە دێیەکانی ناوەڕاست و باشوری ئینگلتەڕدا(کنعان،١٩٩١: ٤٥)، بەڵام (فرانسیس ڕۆس – Francis Rous) وەڵامی (کۆک– Cook) دەداتەوە کە ئەم کەسانە زۆر توندڕەوبون و جگە لەبیروڕای

خۆیان بەهیچ شتێکی تری ڕازی نەبون، لەبارەی پاکی و پاکخوازی ئەم گروپەش دەڵێت: "لەزمانی شەیتاندا ئەگەر کەسانێکی پیرۆزو پاک هەبێت ئەوا ئەم پیوریتانانەن"، ئەمەش بەتەواوەتی ڕەتکردنەوەی ئەو ئاراستەیە کەئەوان بەکەسانی چاکسازیخوازو پاکخواز دەبینێت(Rous, 1627 :162)، لەم ڕووەوە (جۆن براون– John Brown) دەڵێت: "بۆ ئەوەی کۆتایی بەم گفتوگۆ چڕو بیروڕا جیاوازە بهێنین دەبێت دان بەوەدا بنێین کەپێش سەردەمی شاژن ئەلیزابیسی یەکەم پیوریتانەکان لەناو فۆرمەکانی تری پرۆتستانتدا هەبون، بەڵام بەدڵنیاییەوە ماوەی نێوان ساڵانی ١٥٥٨–١٦٥٨ واتە لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی شاژن ئەلیزابیسی یەکەم تا مردنی (ئولیڤەر کرۆمویڵ–Oliver Cromwell) قۆناغێکی دیاریکراوە لەمێژوی ئینگلتەرادا بەسەردەمی پیوریتانەکان ناسراوەو جیادەکرێتەوە"(Brown, 1910:5)، لێرەدا جۆن براون بیروڕایەکی (تۆماس فولەر–Thomas Fuller)مان بۆ باس دەکات پێیوایە پیوریتانەکان ناتوانرێت لەسەردەم و کاتێک قەتیس بکرێن، چونکە چۆن پێش دەستپێکی چاکسازی ئاینی چاکساییخواز هەبون، پێش ماناداركردنی پیوریتان و ناساندنیان بەدڵنیایەوە کەسانی پاک و پیوریتانیش هەبون کەداوای چاکسازی تەواو بنەڕەتیان لەکڵێسادا دەکرد، تا گەیشتن بەبنەما سادەو سەرەتاییەکانی پەرتوکی پیرۆز، ئەوان چاکسازیخواز بون و پاکبون(Brown, 1910:1,2)[٢١].

تۆماس فولەر، تەنیا دەڵێت"پیوریتانەکان ئەو کەسانە بون کەنەیاری پلەبەندی کڵێساو خزمەتکردنی کڵێسا بون، دژایەتی ئەو خورافیاتانەیان دەکرد کە بەناوی ئایینەوە هەبون، بۆ فەراهەمکردنی ژیانێکی پاک و شایستە، لەسەردەمی شاژن ئەلیزابێسی یەکەمدا دەرکەوتن(Fuller, 1842: 474,475) ، بەهەمان شێوە هەر یەکە لە(فرانسیس جەی. بریمەر–Francis J. Bremer، تۆم وێبستەر–Tom Webster) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پیوریتانەکان بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٥٦٠ دەرکەوتن مەبەستیان بو فۆرمێک لەئایینی پرۆتستانت دەستنیشان بکەن لەلاهوت و دیسپلین و تەقوا کەلەپراکتیکدا باشترو وردتر بێت لەئەوانی دیکە، ئەوان خۆیان پێیان باش بو وەک خودا پەرستە ڕاستەقینەکان بناسرێن بەو پێیەی تەنیا بەدوای ئەوەدا دەگەڕان کە بەپێی ئەو فەرمانە خودایانە بژین کە لەپەرتوکی پیرۆزدا هاتوەو مەسیح بانگەشەی بۆ کردوەو بە دورە لە هەمو زیادەیەک(Bremer, Webster2006:428).

لەم دیدگایەوە پیتەر لەیکی مێژونوس (Peter Lake) دەڵێت "بۆ تێگەیشتن لەپیوریتانەکان و ناساندیان پێویستە لێکۆڵینەوەی زیاترو وردتر لەناسنامە ئاڵۆزەکانیان بکەین لەو زەمینە کۆمەڵایەتیەی کەتێدا بون"، بۆ ئەوەی بەتەواوەتی بیانناسینەوەو جیایان بکەینەوە لە پرۆتستانتەکانی دیکە، هێڵە سەرەکییەکانی خوێن و بیروباوەڕیان دیاری بکەین لەسەرجەم لق و گروپە پرۆتستانتەکان و بەپیوریتان بیانناسێنین و پێناسەیان بکەین، تا مێژونوس بێ هیچ ترس و گومان و دو دڵیەک بەڕون و ئاشکرایی و لەسەر بنەمایەکی زانستی و ئەکادیمی تەواو ڕاست و دروست بەپیوریتان ناویان ببات و لەڕوکەشەوە تا ناوەڕۆکیان بەرجەستەیان بکات لەنوسینەکانیدا، بەڵام لەگەڵ هەمو ئەم ناڕونی و سەختیانە دەتوانین بڵێین بەدڵنیاییەوە لەماوەی سەدەی

شانزەم و حەڤدەهەم کەسانێک هەبون کەناسنامەی پیوریتانەکان پێکدەهێنن و دەتوانین وەک پیوریتان پێناسەیان بکەین، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کەئایا دەکرێت و دەتوانین پیوریتانەکان بەجۆرێکی گەرمتری پڕۆتستانەکان ناو ببەین یاخود نا(Lake, 2001:179,180)، ئەمەش بەتایبەتی دوای ئەوەی کە بەشێک لەوانەی دەکەونە ناو چوارچێوەی پیوریتانی و لەبنەڕەتدا پیوریتان بون، بەڵام تاڕادەیەک نەرمتربون و بەجۆرێک لەجۆرەکان لەگەڵ کڵێسادا گونجاو بون و لەناو کڵێسادا هیچ کێشەیەکیان نەبو، وەک (شکسپیر) خۆی دەڵێت: "کە لەماڵێکی پیوریتانی پەروەردە بوەو گەورە بوە بێ ئەوەی هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ پیاوانی ئاینی کڵێسا هەبوبێت و تەواو گونجاو بون"(Heron, 1908: 104).

دوای دەرخستنی ئەم گفتوگۆ زۆرو جیاوازانە لەسەر ناساندن و پێناسەکردنی پیوریتانەکان و سەرەتایی سەرهەڵدانیان و شیکارکردنی بیروڕا جیاوازەکان لەم بارەیەوە، دەگەینە ئەو باوەڕەی کە لەسەرەتادا پیوریتانەکان بزوتنەوەیەکی ڕێکخراو گروپێکی ئاشکراو ڕوننەبون، بەڵکو زیاتر خۆی لەهەوڵی تاکەکەسیدا بینیوەتەوە لەسەردەمی پاشا هنری هەشتەم و ئیدواردی شەشەمدا وەک (هۆپەر) کە لەوتارەکانیدا لەکڵیسای گڵۆستێر زۆرترین ئامادەبوی هەبو سەرسام بون بەبیروڕاکانی، بەڵام دواتر لەسەردەمی شاژن (ماری تیۆدۆر) بەهۆی سیاسەتە توندوتیژەکانی بەرامبەر تەواوی پڕۆتستانتەکان بەگشتی و پیوریتانەکان بە تایبەتی، دەبینین بیروباوەڕی پیوریتانی زیاتر گەشەی کردوە بەتایبەتی لەناو پەنابەرانی ئینگلیزدا لەناوچە جیاوازەکانی تری ئەوروپا، ئەگەرچی ئەم هەوڵانە بنەمای پیوریتانیان پێوە دیاربوە بەڵام ناتوانین بەشێوەیەکی تەواوەتی بڵێین کە بزوتنەوەکە لەم کاتانەدا لە دایک بوە، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕێکخراو گروپێکی تەواو جیاواز ناتوانرێت ئەم ڕاستیە بەرچاو نەگیرێت لەسەردەمی شاژن ئەلیزابیسی یەکەمدا لەناو کڵێساو دەرەوەی کڵێسادا لەچوارچێوەی چەندین گروپی جیاوازدا دەرکەوتن و نازناوی پیوریتانیان بەسەردا سەپێدنرا، داوای چاکسازی زیاترو پاک کردنەوەی کڵێسای ئینجیلیکانیان دەکردو تەنانەت لەڕێگەی پەرلەمانەوە هەوڵی چاکسازیان لەدەوڵەت و کڵێساو کۆمەڵگای ئینگلیزیشدا داوە بۆیە دتوانین بڵێین کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی و لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراو خاوەن دیسپلین لەم کاتەدا سەریانهەڵداوە.

## ئەنجام

١- زاراوەی پیوریتان لە بنەڕەتدا لە ڕوی زمانەوانیەوە لە زمانی ئینگلیزیدا وشەیەکی داتاشراوە لە دو بڕگە پێکهاتوە بە واتای پاکەکان یاخود پاک خوازان دێت، بەمەبەستی دەرخستنی ئەم ڕاستییەو یەکلایی کردنەوەی لەڕوی زانستییەوە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە کۆنترین فەرهەنگی بواری زمانەوانی لە زمانی ئینگلیزیدا (فەرهەنگی کاودرێی) بەستوە، هاوکات گەشتوین بەم ئەنجامە زانستییەی کە زاراوەکە لە فەرهەنگە سەرەکییەکانی زمانی ئینگلیزییدا زادەی مانایەکی بنەڕەتییە کە بەهیچ شێوەیەک ڕای جیاواز هەڵناگرێت وەک بەڵگەی سەلمێنەری زانستیی خستومانەتەڕو، تا کۆتاییبهێنین بەم گفتوگۆ زۆرانەی لەم بوارەدا کراون و تائێستا بەردەوامن لەلایەن توێژەرانی تایبەتمەندی ئەم بوارە.

٢-دوای سەلماندنی ئەم ڕاستییە زانستییەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە، دەگەینە ئەو باوەڕەی زاراوەی پیوریتان لەسەرەتای بەکارهێنانیدا مانا بنەڕەتیەکەی گۆڕدراوەو شێوێندراوە و بەمەبەستی تر بەکارهێندراوە کە بە هێچ شێوەیەک لەگەڵ ڕەچەڵەکی زمانەوانی زاراوەکەو واتا سەرەکیەکەی یەکناگرێتەوە، ئەمەش بە کردەیەکی ئەنقەست ئەنجامدراوە لەلایەن دژەکانیانەوە کە ئامانج لێی ناشیرنکردن و سوکایەتیکردن بوە بەم کەسانەی کە داوای چاکسازی و پاکخوازیان کردوە لە کڵێسای ئینگلیزیدا، هەر ئەمەش وایکردوە توێژەرانی پسپۆڕی ئەم بوارە بۆ لێکدانەوە و ڕاستی واتاسازی زاراوەکە دابەش بن بەسەر دو ئاڕاستەی فکری جیاوازدا، کە بەشێکیان بە واتا بنەڕەتی و ڕاستەقینەکەی وەک ئەوەی لە ڕیشەی زمانی ئینگلیزیدا هەیە بەکاریبهێنن، بەشەکەی تریان بە واتا خوازراوەکەی کە مەبەستی تری لە پشت بوە بەکاریانهێناوە.

٣- لە پێشینەی ئەو کەسانەی زاراوەی پیوریتانیان بەکارهێناوە وەک هێمای سوکایەتیکردن کاسۆلیکەکان بون، نیکۆلاس ساندەر بەڵگەی ڕونی ئەم تێڕوانینەیانی بەڕونی دیارخستوە کە تا چ ئاستێک ڕق و کینەیان بەرامبەر بەو کەسە پاکویستانە هەبوەو دژایەتی سەرسەختانەیان کردون، دواتریش پرۆتستانتە ئینجیلیکانیەکان پەرەیان پێداو وەک هێمای گاڵتەجاڕی زیاتر چەسپاندیان، لەم ڕوەوە یاداشتەکانی هەریەکە جۆن ویتگفت و ئۆلیڤەر ئۆرمیرۆد بەڵگەی بنەڕەتین بۆ دەرخستنی ئاستی ئەو تێڕانینە خراپەیان کە بەرامبەر پیوریتانەکان و بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە هەیان بوە.

٤-هەر جیابونەوەیەکی ئایینی لە جیاوازی بۆچونەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، سەرهەڵدانی پیوریتانەکانیش بەشێکی ئەم هاوکێشە بون، بەهۆی بیروباوەڕی تایبەتی خۆیان وەک گروپێکی ئاینی لە ئینگلتەڕدا دەرکەوتن و پاشان بە وڵاتانی دیکەدا بڵاوبونەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین بیروباوەڕی پیوریتانی زادەی باوەڕو ئایدیاکانی جۆن کاڵڤن بو کە توانیبوی دەیان گرۆپی ئاینی گۆش بکات و ببو بە مایەی مەترسی گەورە بۆسەر کڵێسا و حکومەتەکانی ئەوروپا، ئەمەش بەهۆی ڕەتکردنەوەی دەست وەردانی دەوڵەت و

پاشاکان لە کاروباری کڵێساو پیاوانی ئاینییدا تا ئاستی لەناوبردنی سیستەمی پاشایەتی کە ڕوحی بەرەنگاری و شۆڕشی دژی دەسەڵاتدارانی ئەوروپا دروستکردبو، بۆیە بەوپەڕی توانایانەوە ڕووبەڕوی تەوژمی ئەم هزرە نوێییە ببونەوە.

٥-گەشەسەندنی پیوریتانەکان قۆناغ بە قۆناغ بوە، بۆیە لەلایەن لێکۆڵەران و مێژونوسان بۆچونی جیاواز لەسەر سەرەتای سەرهەڵدانیان هەیە و هەریەک لەم نوسەرانە قۆناغێکی بە سەرەتای سەرهەڵدانیان دیاریکردوە، بەڵام ئەوە بەتەواوەتی ڕونە کە بزوتنەوەکە سەرەتا لە چوارچێوەی هەوڵی تاکەکەسی دا بوە و دواتر لەسەردەمی شاژن ئەلیزابێسی یەکەمدا بوە بە بزوتنەوەیەکی گشتگیرو سەرجەم لایەنگرانی کۆکردۆتەوەو بە فەرمی ناسراون و بیروباوەڕەکانیان بڵاوکردۆتەوەو داکۆکیان لێ کردوە، سەرەڕای ئەم هەمو ستەم و ئازارو نەهامەتیانەی ڕوبەڕویان بۆتەوە هەم لەلایەن سیستەمە سیاسیەکە کە خۆی لە دەسەڵاتی شاهانەدا بینیوەتەوە هەم سیستەمە ئاینییەکە کە زادەی تێڕوانینی پیاوانی ئاینی ئینجلیکانی بوە، ئەمەش وایکربو بە توندترین شێواز ململانێ و دژایەتیان بکەن لەم ڕوانگەیەوە بە سەدان لە ڕێبەران و پیاوانی ئاینی گەورەیان وەک (هۆپەر و کرانمەر و لاتیمەر و ڕۆجەرز) ڕوبەڕوی مەرگ بونەتەوەو ژیانیان لەم پێناوەدا داناوە.

٦- دوای گەنگەشە کردنی بیروڕاکان دەربارەی ئەم گروپە ئاینیە، گەشتین بەم ئەنجامەی پیوریتانەکان لەناو خۆیاندا یەک ڕوانگەو ئاڕاستەی هزیی و ئیینیان نەبوە، بەڵکو بەشێکیان لەگەڵ ئەم هەمو دژایەتییەی کراون لەلایەن دەسەڵاتی شاهانە و کڵێسای ئینجیلیکانی بەڵام بەردەوام بون لە مانەوە لەناو کڵێسای ئینگلیزی و حکومەت و پەرلەماندا و درێژەیان بەکارەکانیان داوە، ئەم ڕێگەیان پێ تەندروست بوە بۆ گۆڕانکاری، بەڵام بەشێکی تریان وەک براونییەکان داوی بێ ئومێد بون لە حکومەت و کڵێسای ئینگلیزی بەتەواوەتی جیابونەوە لە کڵێساو هەڵسان بە بانگەشە کردنە بۆ بیروڕاکانایان لە تەواوی ئینگلتەرادا، کە بە دوژمنی سەرسەختی سیستەمی پاشایەتی و دەستوەردانی دەسەڵاتی شاهانە دەناسران لە کاروباری کڵێساو هەڵبژاردنی پیاوانی ئاینیدا.

# Multidimensional Concept of "Puritan": Who were the Puritans and when they appeared?

Darawan Abdulqader Ahmed[1] - Hewa Hameed Shareef[2]

1+2 History Department, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This study focuses on the origins of the concept of "puritans" and explores and defines the multiple Puritan identities. Due to differing views on puritans and their complex identity, there has not been a standard and unified definition of "Puritans." Much research has been devoted to creating an all-inclusive term that can represent Puritan experience. In English, the word "Puritan" has a standard meaning, but the original meaning has changed and mutated overtime in part due to the misuse and alteration of the word by anti-Puritan groups. That has contributed to the Puritans' complex identity. Moreover, researchers disagree on how to define the concept of Puritan. Thus, this study tries to discuss and deconstruct various views on the notion of "Puritan" to present a multidimensional meaning of "Puritans". We also explore why and how a particular religious community were considered as "puritans" to show who the Puritans were and who could be identified as a Puritan. This allows us to better understand how puritanism as one of the most influential religious movements in Christianity in general and in Protestantism in particular played a significant role in founding the United States of America, one of the best countries in the world.

**Keywords**: Puritans, The Christian Religion, The English Church, The Catholic, The Protestant, Religion Reform.

## سەرچاوەکان

Alexander, Cecil Francis and Others, 1855: The Dublin Review-Journal, P. Thomas Richardson and Son, London.

Barber, John W, 1855: Historical Treasury of the Great and Most important Religious events, P. L.P Crown & Company, Boston, Massachusetts.

Beeley, Christopher A, 2012: Re_ Rereading Gregory of Nazianzus, P. The Catholic university of America press, U.S.A.

Benge, Dustin, Nate Pickowicz, 2020: The American Puritans, Grand Rapids Press, Library of Congress cataloging Publication Data, U.S.A.

Blakeney, Richard Paul, 1870: The Book of Common Prayer in its history and interpretation, 3rd edition, P. Revised Press, England.

Boyce, Aldan Cottrell, 2021: Jewish Christians in Puritan England, P. PICKWICK Publications, Eugene United States of America.

Bradford, William, 1952: History of Plymouth, Ed. Samuel E. Morison, New York.

Bremer, Francis J, 2009: Puritanism A very short introduction, P. Oxford university press, Great Britain.

Bremer, Francis J. and Tom Webster, 2006: Puritans and Puritanism in Europe and America, P. A.B.C. CLIO, Santa Barbara Press, California.

Bristow, Richard, 1574: A Brief Treatise of Diverse Plaine and Sure ways to fined out the truth, p. Antwerp Belgium.

Brown, John D.D, 1910: The English Puritans, P. Cambridge university press, London.

Burnet, Gilbert, 1820: Bishop Burnet's, History of the Reformation of the Church of England, Volume III, P. J.F. Dove Press, London.

Campbell, Kenneth L, 2012: Windows into Men's Souls, P. Lexington Books, United State of America.

Carr, Samuel, 1843: Early Writing of John Hooper, P. Cambridge university press, London.

Cawdrey, Robert, 1617: The First Dictionary Table Alphabetical, 4th edition, P. W.J Press, London.

Coffy, John and Paul C.H. Lim, 2008: Puritanism, P. Cambridge university press, London.

Collinson, Patrick, 1967: The Elizabethan Puritan Movement, Berkeley, University of California Press, California.

Collinson, Patrick, 1988: Puritan men of business and Elizabethan Parliaments, P. Parliamentary history 7 Press, London.

Crie, Thomas M, 1839: The life of John Knox, The Scottish Reformer, P. Philadelphia Press, U.S.A.

Crooks, George R, 1897: The Story of the Christian Church, P. Eaton & Mains, New York.

Emerson, Everett H, 1977: Puritanism in America 1620-1750, P. G.K Hall Press, Boston.

Finlayson, Michael, 1983: Historians "Puritanism and The English Revolution", Toronto.

Froude, James Anthony, 1866: History of England from the fall of Wolsey to the death of Elizabeth, Volume II, P. Charles Scribner Company Press, New York.

Fuller, Thomas, 1814: The Church history of Britain from the birth of Jesus Christ until the year M. Dc, XLVIII, Volume III, P. Oxford university press, London.

Fuller, Thomas, 1842: The Church history of Britain from the birth of Jesus Christ until the year M. Dc, XLVIII, Volume II, 3rd edition, P. Thomas TEGG press, London.

Graham, Roderick, 2013: John Knox "Man of Action", 2nd edition, P. Saint Andrew Press, United Kingdom.

Greaves, Richard, 1981: Society and Religion in Elizabethan England, P. Minneapolis Press, U.S.A.

Greschat, Martin, 1990: Martin Bucer "A Reformer and his times, Translated by Stephen E. Back Walter, P. Westminster John Knox Press, London.

Hall, David D, 2019: The Puritans "A Transatlantic History" P. Princeton university press, New Jersey.

Harding, Thomas, 1568: A Detection of Sundrie Foule Errours, P. C.V.M Press, Louvain, Belgium.

Healey, Nick, 2016: A Brief Overview of the Puritan Movement, Whitworth Digital Commons Journal, P. Whitworth university press, U.S.A.

Heaton, William James, 1913: The Puritan Bible and Other Contemporaneous Protestant Versions, P. Francis Griffths Press, London.

Heimert, Alan and Andrew Delbanco, 2001: The Puritans in America A Narrative Anthology, 7thedition, P. Harvard university press, United State of America.

Heinemann, Margot, 1982: Puritanism Theatre, Cambridge University Press, London.

Hentzner, Paul, 1865: England as seen by foreigners, ed. W.B. RYE, London.

Heron, James, 1908: A Short history of puritanism, P. T.T Clark Press, New York.

Hook, Walter Farquhar, 1838: A Call to Union on the principles of the English Reformation, P. J.G & F. Rivington Press, London.

James III, Frank A, 2004: Peter Martyr Vermigli and the European Reformation, P. Koninklike Bill Nv Leiden Press, Netherland.

Kenyon, J. P, 1986: The Start Constitution, 2nd edition, P. Cambridge university press, England.

Kerr, Anne and Edmund Wright, 2003: A Dictionary of world history: P. Oxford university press, England.

Knoppers, Laura Lunger, 2003: "Introduction" in Puritanism and Its Discontents, P. University of Delaware press, U.S.A.

Knott, John R. Jr, 1980: The Sword of the Spirit, The University of Chicago Press, U.S.A.

Kreeft, Peter, 2000: Introduction to Catholic Liturgy, P. O. Praem press, United State of America.

Laing, David, 1855: The works of John Knox, Volume IIII, P. Bannatyne Club Press, Scotland.

Lake, Peter, 1993: Defining Puritanism- Again in Puritanism Transatlantic Perspectives on a seventeenth Century Anglo- American Faith, ed. F.J Bremer, Boston, Massachusetts.

Lake, Peter, 2001: The Boxmarker'S Revenge, P. Manchester university press, England.

Marsden, J. B, 1852: The history of the late puritans "from the reformation to the opening civil war in 1642", 2nd editi0n, P. C.F. Hodgson press, London.

Martial, John, 1566: A Replie to Mcalfhills Blas Phemous answer, Louvain Belgium.

Martyn, W. Carlos, 1867: The English Puritans, P. American Tract Society Press, New York.

Mazzuca, Nate and Avery Noble, 1976: Those Who Came Before US, London.

McGee, J. Sears, 1976: The godly man in Stuart England "Anglicans, Puritans and the two tables 1620-1670, P. Yale university press, U.S.A.

Mckim, Donald K and Jim West, 2020: Heinrich Bullinger "An Introduction to his life and theology", The Unites State of America.

Miller, Andrew, 1999: Miller's Church History, P. Bible truth publishers, London.

Milton, Anthony, 2002: Catholic and Reformed the Roman Protestant Churches in English Protestant Thought 1600-1640, P. Cambridge university press, England.

Molen, Ronald Jay Vander, 1969: Richard Cox (1499-1581), P. Michigan university press, U.S.A.

Moots, Glem A, 2010: The Anglo-American Legacy of Covenant Theology, P. University of Missouri Press, United State of America.

Neal, Daniel1, 1837: The history of Puritans, P. Thomas Tegg and Son Press, London.

Newman, Louis Israel, 2016: Jewish Influence on Christian Reform Movements, P. Columbia university press, U.S.A.

Ormerod, Oliver, 1975: The Picture of A Puritans, P. Theatrum Orbis Terrarum Ltd, New Jersey.

Orwell, George, 1947: The English People, P. Collins press, London.

Orwell, George, 2022: 1984, U.S.A.

Parker, Henry, 1641: A Discourse Concerning Puritans, A vindication of those, who unusually suffer by the mistake, abuse and misapplication of the name, P. Robert Bostock press, London.

Pederson, Randall J, 1975: English Puritans and the Puritan Reformation1603-1689, P. Library of Congress, U.S.A.

Perring, Philp, 1871: Churches and their Greed's, P. Longman, Green reader & Dyer, London.

Plumb Albert H, 1920: William Bradford of Plymouth, P. The Gorham Press, Boston.

Rodgers, Robert, 1982: An Introduction to the Anabaptists, Evangelical Quarterly, London.

Rogers, Crispin, 2022: Faith and Fortitude "life and times of John Rogers, Martyr", P. Grosvenor House Publishing, England.

Rous, Francis, 1627: The Onley Remedy: P. W.J Press, London.

Ryken, Leland and Worldly Saints, 1986: The Puritans as they really were, P. Grand Rapids Press, Zondervan, Michigan.

Ryrie, Alec and Tom Schwanda, 2016: Puritanism and Emotion in the Early Modern World, Palgrave Macmillan, P. Library of Congress, U.S.A.

Sasek, Lawrence A, 1989: Images of English Puritanism "A Collection of Contemporary Sources 1589-1646, P. Louisiana university press, U.S.A.

Schaff, David Schley, 1891: A Religious Encyclopedia or Dictionary Blical, Historical, Doctrinal, and Practical Theology, ed. Philip Schaff D.D. LLD, 3rd edition, Volume III, P. Funk & Wagnalls Press, Toronto, New York, London.

Stow, John, 1880: Three Fifteenth Century Chronicles with Historical Memoranda, ed. Gairdnar Comden, London.

Stowell, William Hendry, 1878: History of Puritan in England, P. Thomas Nelson and Son Press, London.

Strype, John, 2008: The Life and Acts of John Whitgift, Volume1, P. Oxford at the Clarendon Press, London.

Stype, John, 1718: The life and times of the most Reverend Father in God, Rev. John Whitgift D.D, P. T. home Et. Al, England.

Todd, Margo, 1987: Christian Humanism and The Puritan Social Order, P. Cambridge university press, England.

Trinterud, Leonard J, 1971: Elizabethan Puritanism, Oxford university press, England.

Van, Prof. Dr. W, 2021: The Reformation and the Dutch Second Reformation, Netherland.

Veech, Thomas MC Nevin, 1935: Dr. Nicholas Sanders and English Reformation 1530-1581, P. Bureaux Du Recneil, Louvain Belgium.

Wakeman, Henry Coffly, 1914: An Introduction to the history of the Church of England, from the Earliest times to the Present day, 8th edition, P. Rivington's Press, London.

Ward, Matthew, 2014: Pure Worship "The Early English Baptist Distinctive, P. PICKWICK press, U.S.A.

Whitgift, John, 1572: An Answer to a Certain Libel Intituled, P. Admonition to Parliament, London.

Winship, Michael, 2018: Hot Protestants ''A History of Puritanism in England and America, P. Yale university press, London.

Wylie, James Atiken, 1899: The history of Protestantism, Volume III, P. Cassell and Company Limited, London.

ديورانت، ول وايريل، ١٩٨٨: قصة الحضارة، ترجمة: محمد بدران، مج١، ج٧، بيروت.

كنعان، جورجي، ١٩٩١: الاصول المسيحية في نصف الكرة الغربي، لبنان.

محمد، عدنان امين، ٢٠٠٧: حركة الاصلاح الديني في انكلترا ١٥١٧-١٦٠٣، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة الموصل.

الميمان، عبدالله عبدالرحمن، ٢٠١٨: نشاة الطائفة الانجليكانيةبين تاريخها وعقيدتها، دراسة وصفية، مجلة العلوم الشرعية، جامعة القصيم، العدد(١)، يوليو.

https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/puritan. 1/7/2022

https://www.britannica.com/topic/Puritanism. 1/7/2022

https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/english/puritan_1. 1/7/2022

## پەراوێزەکان

[١]ڕۆبەرت کاودرێی: یەکێکە لەزانا ناودارەکانی بواری زمانەوانی ئینگلیزی، کە لەساڵی ١٥٣٨ تا ساڵی ١٦٠٤ ژیاوە، یەکەم فەرهەنگی زمانەوانی ئینگلیزی لەژیانیدا نوسیوە، ئەم فەرهەنگی لەساڵی ١٦١٧ دوای مردنی لەچاپ دراو بڵاوکراوەتەوەو ڕۆڵی زۆری هەبوە لەدەوڵەمەندکردنی زمانی ئینگلیزی و دانانی چەندین زاراوەی نوێ بۆ زمانەکە، ئەمە سەرەڕای ڕونکردنەوەی واتاسازی بەشێکی زۆر لەو وشە ئینگلیزیانەی کە تائەو کاتە نارۆن و داتاشراو بون(Peters, 1994:1,2).

[٢]ئینگلیکانی: ئەم زاراوەیە لەدو وشەی لێکدراو پێکهاتوە لەڕوی زمانەوانیەوە ئەوانیش (ئینجیل و ئینگلتەرا)، وشەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ناوی ئینجیل وەک بنەمایەکی سەرەکی بۆ ئایینی مەسیحی و کڵێساو دەسەڵاتی پاپا، وشەی دوەم دەگەڕێتەوە بۆ ئینگلتەرا وەک وڵات کەبەهەردوکیان ئەو زاراوەیان پێکهێناوە(الميمان، 2018: 191).

[٣]نیکۆلاس ساندەر: یەکێک بوە لەپیاوە ئایینیە کاسۆلیکیەکان لەئینگلتەرا لەماوەی سالآنی ١٥٣٠-١٥٨١ژیاوە، شارەزایی زۆری هەبوە لە ئایینی مەسیحی وپەرتوکی پیرۆز، زمانی لاتینی بەباشی زانیوە، لەماوەی دەسەڵاتداریەتی شاژن ئەلیزابیسی یەکەمدا ساندەر زۆرترین نوسین وتاری بڵاوکردۆتەوە بەتایبەتی دژی پیوریتانەکان(veech, 1935:3,10) .

[٤]جۆن ویتگیفت: یەکێکە لەکەسایەتییە ئایینیە ناودارەکانی ئینگلتەرا لەماوەی سالآنی ١٥٣٠-١٦٠٤ ژیاوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی تا کۆلیژ بەسەرکەوتویی تەواو کردوە، لەکامبریج مامۆستا بوە، هاوڕێی نزیکی (جۆن براتفۆرد) بوە، شاژن ئەلیزابیسی یەکەم لەساڵی ١٥٨٣ دەیکات بەقەشەی سەرەکی کڵێسای کانتێربێری تا مردنی لەم پۆستە بەردەوام دەبێت، بەیەکێک لەسەرسەخترین دوژمنەکانی بیروباوەڕی پیوریتانی لەئینگلتەرا هەژمار دەکرێت(Strype, 2008:1-10) .

[٥]ئۆلیڤەر ئۆرمیرۆد: بەیەکێک لەپیاوە ئایینیە کۆنەپەرستەکانی ئینگلیزی دادەنرێت کەلەماوەی سالآنی ١٥٨٠-١٦٢٦ژیاوە، لەسەردەمی پاشا شارلسی یەکەم ڕۆڵی گەورەی بینیوە لەڕوبەڕوبونەوە دژی ڕەوتی پیوریتانیزم دروستکردنی وێنایەکی ناجۆر، نوسین و وتارەکانی هێرشی تەواوی تیادا بینراوە بەرامبەریان، ئەمەش وایکردوە لەناو کڵێسای ئینجلیکانی پلەو پۆستی گەورەی پێ بدرێت(Milton, 2002,47).

[٦]ئەناباپیستەکان: ڕەوتێکی پڕۆتستانتی توندڕەو بون، کەلەناوەڕاستی سەدەی شانزەهەم لەئەوروپا بەگشتی و لەئینگلتەرا بەتایبەتی سەریانهەڵدا، داوای جیاکردنەوەی کڵێساو دەوڵەتیان دەکرد وەک دو دەسەڵاتی جیاوازی ئایینی و دونیایی، باوەڕیان

وابو ئەندامیەتی لەکڵێسادا پەیوەستە بەباوەڕی پتەو ئاکاری پاک، هەروەها مەعمودیەتیان وەک بنەمای سەرەکی ئایینی مەسیحی دەبینی(Rodgers, 1982:36,37).

(٧)مۆنتانییەکان: بزوتنەوەیەکی سەرەتایی مەسیحی بون، لەکۆتایی سەدەی دوەم سەریانهەڵدا لەژێر سەرپەرشتی دامەزرێنەرەکەیان بەناوی مۆنتانۆس کەبنچینەی بیروباوەڕەکەیان بریتی بو لەگەڕانەوە بۆ لاهودگەرایی مەسیحی و بزوتنەوەی هاوەڵانی مەسیح، داوای پشت بەستن بەبنەما سەرەکییەکانی پەرتوکی پیرۆزو ڕوحی پیرۆز دەکرد لەپێناو چاکسازی لەرەوشتە کەسییەکان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی پێیان وابو پێویستە شوێنە پیرۆزەکان وەربگرنەوەو شارستانیەتی مەسیحیان تێداجێگیر بکەن(Beeley, 2012:96).

(٨)ئینساباتاتییەکان: یەکێکن لەرێچکە جیابوەکانی ڕەوتی ڤاڵدانی کەداوای گەڕانەوەیان دەکرد بۆ بنەما سەرەکییەکانی ئایینی مەسیحی وپەرتوکی پیرۆز، بەشێک لەنوسەران ئەم ڕێچکە جیاوازە بەهەمان ڕەوتی ڤاڵدانییەکان ناودەبەن و وەک ئەوان دەیانناسێنن(Newman, 2016:176) .

(٩)جۆرج ئۆروێڵ: بەیەکێک لەبیرمەندانی ئینگلیزی دادەنرێت، کەلە ڕێکەوتی ١٩٠٣/٦/٢٥ لەدایک بوە، کارەکانی زیاتر لەبواری نوسینی ڕۆمان و پەخشان و بابەتی ڕەخنەگرتن و ڕۆژنامەوانی بون، لەم ڕوانگەیەوە چەندین بەرهەمی بەپێزی بڵاوکردۆتەوە، لە١٩٥٠/١/٢١ کۆچی دواییکردوە(Orwell, 2022:1) .

(١٠)ولیام برادفۆرد: بەیەکێک لەڕێبەرانی ڕەوتی پیوریتانیزم لەئینگلیتەراو ئەمریکا دادەنرێت، لەڕێکەوتی ١٥٩٠/٣/١٩ لەئینگلتەرا لەدایک بوە، کەسێکی شارەزا لەبواری ئایینی مەسیحی و پەرتوکی پیرۆزدا، دامەزرێنەری نشینگەی پلیمۆس بوە لەئەمریکا لەساڵی ١٦٢٠ لەڕێکەوتی ١٦٥٧/٥/٩ کۆچی دواییکردوە(Plumb, 1920:12-60).

(١١)لەم پەرتوکە بەهەڵە ئەم زانیارییە تۆمارکراوە، کەگوایە زانارییەکەی لەپەرتوکی ولیام برادفۆرد وەرگرتوە لەچاپی ساڵی ١٩٥٢ چاپی دوەم، بەڵام دوای گەڕانەوەمان بۆ ئەم سەرچاوەیەو هەمان چاپ ئەم زانیارییە بەهیچ شێوەیەک لەلایەن ئەم نوسەرەوە تۆمارنەکراوەو لەم پەرتوکەدا بونی نییە و باسنەکراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زانیاریەکە زیادکراوی خۆیەتی و بۆ مەبەستی تایبەت بەکاریهێناوە بە ناوی برادفۆردەوە تۆماریکردوە(Bradford, 1952:7).

(١٢)جۆن هۆپەر: بەیەکێک لەگەورەترین ڕێبەرانی ڕەوتی پیوریتانیزم لەئینگلتەرا دادەنرێت، لەساڵی ١٤٩٥ لەدایکبوە، خاوەن پاشخانێکی زانستی و ئایینی گەورە بوە، لەسەردەمی پاشا هنری هەشتەم بەهۆی جیاوازی بیروباوەڕە ئایینییەکانی ئینگلتەرای بەجێهێشت، بەڵام لەسەردەمی پاشا ئیدواردی شەشەمدا گەڕایەوە ئینگلتەرا سەرپەرشتی کلێسای (گلۆستێری) پیسپێردرا، ئەم کەسایەتییە ئایینییە ڕۆڵی زۆری هەبوە لەچاکسازی زیاترو پاکتر لەئینگلتەرا، بەڵام دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی شاژن ماری تیۆدۆر لەڕێکەوتی ١٥٥٥/٢/٩ دەسوتێنرێت(Carr, 1843:V,VI).

(١٣)بۆلینگەر: بەیەکێک لەڕێبەرانی بزوتنەوەی چاکسازی ئایینی لەسویسرا دادەنرێت، لەڕێکەوتی ١٥٠٤/٧/١٨ لەدایکبوە، زۆر کاریگەر بوە بەبیروڕاکانی هەریەکە لەزۆنگلی و کاڵڤن، لە١٥٧٥/٩/١٧ لەزیوریخ کۆچی دواییکردوە :McKim, West, 2020) 2-14).

[١٤]گواڵتەر: یەکێکی ترە لەڕێبەرانی چاکسازی ئایینی لەئەوروپا، لەماوەی ساڵانی ١٥١٩ تا ١٥٨٦ ژیاوە، ڕۆڵی زۆری هەبوە لەبەرەو پێشچونی ئاینزای پرۆتستانت لەهەردو وڵاتی سویسراو ئەڵمانیا، بیرۆکەکانی ئەوەندە گرینگ و کاریگەر بون بەیەکێک لەپیاوە ئایینییە داناکانی ئەوروپا ناسرابو(Van, 2021:15).

[١٥]پیتەر مارترێر: یەکێکە لەگەورە پیاوانی ئایینی ئاینزای پرۆتستانت کەلەڕێکەوتی ١٤٩٩/٩/٨ لەئیتالیا لەدایکبوە، بیروڕاکانی زیاتر لەبیروباوەڕی کالڤنەوە نزیکبون، لەسەردەمی پاشا ئیدواردی شەشەمدا بانگێشتی ئینگلتەرای کرد لەزانکۆی ئۆکسفۆرد پۆستی پێدرا لەساڵی ١٥٥٢ ڕۆڵی گەورەی لەچاکسازی لەپەرتوکی نوێژی باوی ئینگلیزیدا هەبو، لە١٥٦٢/١١/١٢کۆچی دواییکردوە(JamesIII,2004:Xiv-Xviii).

[١٦]مارتن بۆسەر: بەیەکێک لەڕێبەرانی پرۆتستانت دادەنرێت کە لەبنەڕەتدا لەڕێکەوتی ١٤٩١/١١/١١ لەئەڵمانیا لەدایکبوە، بیروڕاکانی زیاتر لەمارتن لۆسەرەوە نزیکبون، لەسەردەمی پاشا ئیدواردی شەشەمدا بانگێشتی ئینگلتەرا دەکرێت و لەزانکۆی کامبرێج پۆستی پێدەدرێت بەهەمان شێوە ڕۆڵی زۆری هەبو لەپاککردنەوەی پەرتوکی نوێژی باوی ئینگلیزی لەو هەڵەو کەموکوڕیانەی تیایدا بون، لە ١٥٥١/٢/٢٨ کۆچی دواییکردوە(Greschat, 1990:1-70).

[١٧]ڕۆجەرز: ناوی تەواوی (جۆن ڕۆجەرز)ە بەیەکێک لەبیرمەندانی پیوریتانی لەئینگلتەرا دادەنرێت، لەماوەی ساڵانی ١٥٠٥- ١٥٥٥ ژیاوە، ڕۆڵی زۆری لەچاکسازی ئایینی لەئینگلتەرا هەبوە، دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی شاژنە ماری تیۆدۆر سوتێنرا بەهۆی بیروباوەڕەکانیەوە(Rogers, 2022:8-34).

[١٨]جۆن نۆکس: بەیەکێک لەڕێبەرانی ئایینی لەئینگلتەراو سکۆتلەندا دادەنرێت، لەماوەی ساڵانی ١٥١٤-١٥٧٢ ژیاوە، لەسەردەمی ئیدواردی شەشەم وەک یەکێک لەو شەش کەسە زانا ئایینیە دەستنیشان دەکرێت بۆ گەیاندنی پەیامەکانی مەسیحیەت و پرۆتستانتیەت بەوڵاتدا، ڕۆڵی گەورەی لەگەشەدان بەبیروباوەڕی پیوریتانی لەهەردو وڵاتداو هەبوە، بەڵام دوای گەڕانەوەی لە ئاوارەیی لە سکۆتلەندا نیشتەجێبو بەهۆی بونی ئازادی ئاینی زیاترو بۆونی پێگەی فراوانتر و بو بە یەکێک لە ڕێبەرانی گەورەی. چاکسازی لەوێدا(M.Crie, 1839:5-88).

[١٩]ڕیچارد کۆکس: یەکێکی ترە لەڕێبەرانی چاکسازی ئایینی لەئینگلتەرا لەماوەی ساڵانی ١٥٠٠-١٥٨١ ژیاوە، مامۆستای پاشای ئیدواردی شەشەم بوە، بیروباوەڕەکانی زیاتر لەسەر بنەمای ئینجلیکانی بوە، ڕۆڵی گەورەی لەبڕیارە ئایینییەکانی سەردەمی شاژن ئەلیزابیسی یەکەم هەبوە(Molen, 1969:2-96).

[٢٠]لتۆرگی: لە بنەڕەتدا وشەکە بەمانای کار یان خزمەتی گشتی دێت، بەڵام زاراوەکە بەکارهێنراوە بۆ پەرتوکی خزمەتی گشتی کڵێسای ئینگلیزی کە سەرجەم بابەتە پەیوەستەکانی بە باوەڕو ئاکارە مەسیحیەکان لەخۆدەگرێت، جەوهەری لیتۆرگیا کاری خودایە بەرامبەر مرۆڤەکان بۆ گەیشتن بەڕزگاری هەمیشەیی، ساڵانێکی زۆر ئەم پەرتوکە سەرچاوەی ڕێکخستنی بابەتە ئاینییەکان بو لە ئینگلتەرادا، بنەمای سەرەکی پەرستنی گشتی ولێکدانەوەو شرۆڤەی بابەتە ئاینییەکان بو لە کڵێسای ئەم وڵاتەدا(Kreeft, 2000:7,8).

[٢١]براون لەلاپەڕەی (١، ٢) پەرتوکەکەی (The English Puritans) باسی ئەو بیروڕایەی تۆماس فولەر دەکات، بەڵام بۆ گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکە کە تایبەتە بەڕوداوەکانی ساڵی ١٥٦٤ بەهیچ شێوەیەک فولەر لە پەرتوکەکەی باسی ئەم زانیارییە ناکات، بەڵکو براون خۆی ئەم زانیاریەی زیادکردوە و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەکاریهێناوە و هاوسۆز بوە بە بیروباوەڕی پیوریتانەکان، لە بەرژەوەندی ئەوان ئەم زانیارییە ناڕاستەی لە پەرتوکەکەی خۆییدا بەناوی فۆلەرەوە تۆمارکردوە( Thomas Fuller, 1842:474,475).